# هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی "سایکس-پیکۆ" دا ١٩١٦


م. ی. محمد احمد ابراهیم گەڵاڵەیی

بەشی مێژوو-فاکەڵتی ئاداب

زانکۆی سۆران


پێشەکی:

دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی شکستە گەورەکانی لە بەرامبەر ڕاستبوونەوەی زلهێزانی جیهانی نەیتوانی کێشەکانی نێوخۆی کەمینە ئیتینی-ئاینییەکانی سنووری باڵادەستییەکەی چارەسەر بکات، سەرەڕای خولانەوەی هێزە بەرژەوەندیخوازەکانی ناوخۆ و دەرەوە بەلای پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان، بەتایبەتی هاتنەناوەوەی وڵاتانی زلهێز بۆ ناو خاکی عوسمانی و دانانی کاتبەندی بۆ کۆتایهێنان بە چارەنووسی دەوڵەتی عوسمانی، لەم ململانێیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوروپا بەتایبەتی(فەرەنسا و بەریتانیای گەورە و روسیای قەیسەری) دوارۆژی کوردستانی عوسمانی کەوتە بەر پرگاڵی داڕشتنەوەی سنووره نوێییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندییە داگیرکارییەکانی ئەوروپا بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئابووری و سیاسی و سەربازی و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر گەلانی ناوچەکەدا، بۆیە کوردستانی عوسمانی چارەنووسی هەڵوەشاندنەوە و دابەشکردنی بەسەر هێزە گەورەکانی ئەوروپا لە ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ دا لە ١٩١٦ بەرکەوت و لە دوای بەشینەوەی دەستکەوتەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دروستکردنی دەوڵەتە دەستکردەکانی عەرەب و تورك، کوردستانی عوسمانی بۆ سەر سێ دەوڵەتی وەك: عێراق و سوریا و تورکیا کۆتایی پێهێنا. کە کاریگەرییەکانی تا ئەمرۆ لە ئارادان.

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لە کاریگەرییە قووڵە مێژووییەکانی هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی کە تا ئەمرۆ بەردەوامیان هەیە دەکۆڵێتەوە، گرینگترینیان کاریگەرییە سیاسییەکانی لە دروستکردنی سێ دەوڵەتی دەستکرد و بەهێزکردنیان لە ڕووی سەرچاوەی مرۆیی و سروشتی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، سەرەڕای بەهێزی ئابووری کوردستانی عوسمانی لەڕووی دەوڵەمەندی بەسەرچاوەی کانزایی دەوڵەمەند لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا، کاریگەرییە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکان لەماوەی هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی، بە لایەنی نەرێنییەوە قووڵتر ریشەکانی داکوتاوە لەدابڕاندنی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی کۆمەڵی

کوردەواری لە ئاستی جۆراوجۆردا، لەهەمانکاتیشدا جیاوازییەکی تەواوی کولتووری و خوێندەواری لەنێوان بەشەکانی کوردستانی عوسمانی دروستکردووە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، ناساندنی کوردستانی عوسمانی وەك جوگرافیا و مێژوویەکی ئامادەبوو لە واقیعی ئەمڕۆماندا، کە لە بەشێکیدا ئەم توێژینەوەیە دەنووسین، هەروەها دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی ریشەی بەرژەوەندیی وڵاتانی وەك: بەریتانیا و فەرەنسا و روسیا و ئەڵمانیا، کە چۆن لە ژێر پەردەی شاراوەی دیپلۆماتیی، چەندینجار لەگەڵ یەکتری یاخود هەریەکێکیان لە دژی یەکتری خاکی کوردستانی عوسمانیان کردۆتە بابەتی گفتوگۆ و نیازی دابەشکردنی بۆ یەکتریان درکاندووە لە چوارچێوەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی. هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی و پارێزگریکردن لە بەرژەوەندییە باڵاکانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە، فەرامۆشکردنی جوگرافیا و مێژووییەکی دیاریکراوە، هەڵگری چەندین ڕووداوی گەورەیە لە سەدەی نۆزدەهەم بۆ بیستەم، کە کاریگەری لە سەر دەوڵەتانی بەریتانیای گەورە و روسیای قەیسەری هەبوو، پەرە بە ململانێیکانیان لەسەر دوارۆژ و چارەنووسی کوردستانی عوسمانی بدەن، هەروەها دەستێوەردانەکانیان بە ئاشکرا و نهێنی یان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا.

گرفتەکانی بەردەمی توێژینەوە، دەستنەکەوتنی زۆرێك لە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە چارەنووس و دوارۆژی کوردستانی عوسمانی لە تێڕوانین و نامە دیپلۆماتییەکانی باڵیۆزانی بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیای قەیسەری لە ئیستانبوڵ دا، لەماوەی پێش هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، سەرەڕای بەردەستنەبوونی دەستنووس و پرۆتۆکۆڵەکانی گفتوگۆی نێوان کاربەدەستانی وڵاتانی نێو ڕێکەوتننامەی سایکس–پیکۆ، لەسەر داڕشتنەوەی کوردستانی عوسمانی لە نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا، بەڵام لە پشکنین و وردبوونەوە لە سەرچاوە هاوچەرخەکاندا و هەندێ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و بەریتانی دا ئەنجامی نوێی زانستی دەرکەوتوون.

ئەم توێژینەوەیە، لە دەروازەییەك و سێ تەوەرەی سەرەکی و دەرئەنجامێکی کۆتایی پێکهاتووە، لە دەروازەکەییدا تیشکدەخاتە سەر لایەنی جوگرافی و مێژوویی کە ناساندنێکە بۆ کوردستانی عوسمانی، لە رەهەندی مێژوویی و هەڵکەوتە و رووبەر و ژمارەی دانیشتوان و باری جوگرافی، لەگەڵ سێ تەوەرەی سەرەکی کە ئەمانە: یەکەم: داڕشتنەوەی سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و چارەنووسی کوردستانی عوسمانی، دووەم: کاریگەری ململانێی دەوڵەتان لە هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی، سێیەم: کاریگەری ئەنجامەکانی هەڵوەشانەوەی کوردستانی عوسمانی و رەهەندە هەمەچەشنەکانی.

ئەم توێژینەوەیە، سەرچاوەکانی بریتین لە بەڵگەنامەی عوسمانی و بەریتانی و سەرچاوە و ژێدەری بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و عوسمانی، کە بەشێکی ئەمانە سەرچاوەی هاوچەرخن و پاڵپشتی زیاتری لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی مێژوویی ورد دەکەن بۆ گەیشتن بە دەرخستنی ڕاستی ڕووداوەکانی ناو

**چوارچێوەی جوگرافی و مێژوویی کوردستانی عوسمانی، لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی کە لە ئەرشیفی بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانیی کوردی دەربارەی جوڵانەوەی میرانی بابان لە هاردێکی تۆمارکردن دا پارێزراون و سوودیان لێوەرگیراوە، هەروەها کتێبێکی بەڵگەنامەیی بە زمانی ئینگلیزی، وەك:** A.B. Cunningham: The Early Correspondence of Richard Wood 1831-1841، **هەندێك لە نووسراوەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، وەك: سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لەسەدەی نۆزدەهەمدا، بێجگە لە نووسینەکانی پرۆفیسۆر دکتۆر م.س.لازاریف، کێشەی کورد، کە سێ بەرگە، لە دوو کاتی جیاواز بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بڵاوبونەتەوە، هەروەها توێژینەوەکانی دکتۆر سەعد بەشیر ئەسکەندەر لەوانە: من التخطيط إلى التجزئة، سياسية بريطانيا العظمى تجاه متسقبل كردستان ١٩١٥–١٩٢٣، لەگەڵ چاوخشاندنەوە بە نەخشە مێژووییەکانی وەك، نەخشەی ئاسیایی عوسمانی کە لە ١٨٩٣ لە بەیروت چاپکراوە.**

**دەروازە: پوختەیەك دەربارەی کوردستانی عوسمانی:**

**توێژەرانی بواری کوردستانی عوسمانی، ئاماژە بەسەرچاوەی مێژوویی و جوگرافی لە سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم بۆ دیاریکردنی سنووری جوگرافی کوردستانی عوسمانی دەکەن، هەر چەندە کۆمەڵێك ئاستەنگ و هۆکاری مێژوویی بۆ تەواو دیاریکردنی سنوورەکانی کوردستانی عوسمانی هەن، کە بە هۆکاری کارگێری بەربڵاو و بارودۆخی سیاسی و کاریگەرییەکانی لە قەڵەم دەدرێن، چونکە دیاریکردنی سنووری کوردستان لەچوارچێوەی هەرێم و ویلایەتی جیا جیای دەوڵەتی عوسمانی دا بووە[1]، بەڵام مێژوونووسانی عوسمانی وەك (شەمسەددین سامی) لە (قامووس ئەعلامی)یەکەییدا، بەمشێوەیە باسی سنووری کوردستانی عوسمانی دەکات: "وڵاتێکی گەورەیە بەشی هەرە زۆری لە دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیا..لە رۆخەکانی گۆمەکانی ورمێ و وانەوە تا سەرچاوەکانی رووبارەکانی کەرخا و دیالە و تا دەگاتە رێرەوی دیجلە بەرەو باکووری خۆراوا بەپێی رێڕۆیشتنی دیجلە، تا رێرەوی قەرەسۆ کە فورات پێکدەهێنێ و لەوێوە بەرەو باکووری خۆرهەڵات، تا دەگاتە ئەو هێڵەی جیاکردنەوەی ئاوی دووحەوزی ئاراس لەلایەك و فورات و دیجلە لەلایەکی ترەوە"[2]. هەرچەندە زۆرێك لە سەرچاوەکان ئاماژەی ورد بەناوی هەموو شار و شارۆچکە و دێییەکانی کوردستانی بندەستی عوسمانییەکان نادەن و بەوردبوونەوە لە نەخشە مێژووییەکان، ئەوا دابەشی سەر نزیکەی یانزە ویلایەت و یەك موتەسەریفیەتی نێو پەیکەری کارگێری دەوڵەتی عوسمانی کراوە، کە ئەمانە بوونە: ویلایەتی موسڵ، دیاربەکر، بەغداد، حەلەب، ئەرزەرۆم، ئەدەنە، مەعمورەتەلعەزیز، سێواس، بەدلیس، وان و شارەزوور و موتەسەریفیەتی**

---

(١) د.سەعدی عوسمان هەروتی: سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لەسەدەی نۆزدەهەمدا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆك، ٢٠٠٧، ل١٧.

(٢) شەمسەدین سامی: کورد و کوردستان، و: ئەحمەد تاقانە، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٧٩–٢٨٠.

دێـرزۆر[١]، بەشـێك لەمانـە ناوەنـدی ویلایەتەکـەیان خـاکی کوردسـتان بـووە، وەك بـەدلیس و دیاربـەکر و وان، هەروەها پێشووتر ویلایەتی شارەزوور تا لە ٥ی ئەیلولی ١٨٥٢ کە بەتـەواوی هەڵوەشایەوە[٢]، هەنـدێ ویلایـەتی تـر کـە شـار و شارۆچـکەی تـری کوردسـتانی بـۆ دابڕێنـراوە، وەکـو ویلایـەتی بەغـداد کـە شارۆچکەکانی وەك: خانـەقین و بـەدرە و جسـان و مەنـدەلی، موتەسـەرفیەتی دێـرزۆر شارۆچـکەی سـەریکانێی کـە لەنەخشـەکانی عوسمـانی دا بـە (رأس العین) هـاتووە، لـە خۆرئـاوای کوردسـتان خراوەتـە سـەر موتەصـرفییەتی ئاماژەپێکراو، لەهەمانکاتـدا بەشـی هـەرە زۆری خۆرئـاوای کوردسـتان سـەر بـە ویلایـەتی حەلـەب و ناوەندەکـەی شـاری حەلـەب بووە[٣].

هاوسنوور و هاوسێکانی کوردستانی عوسمانی ئەمانـە بوونـە، وەك: لـە خۆرهـەڵات و باکووری خۆرهـەڵاتی کوردستانی عوسمـانی دەوڵـەتی سـەفەوی (١٥٠١-١٧٣٦ز) و دەوڵـەتی قاجـاری(١٧٩٦-١٩٢٥ز) کـە بەدرێـژایی ٧٠٠ میل، واتە نزیکەی (١١٢٦) هـەزار و سـەد و بیست وشـەش کیلۆمـەتر هاوسـنووری کوردسـتانی عوسمـانی بـووە، بـەدیوێکی تـردا واتـە لـە ٥٩٪ هاوسـنووریەتی نێـوان خـاکی عوسمـانی و ئێرانـی سـەفەوی-قاجـاری پێکهێناوە[٤]. لە باکوور ئیمپراتۆرییەتی روسیای قەیسەری، باکووری خۆرئاوای ویلایـەتی تـەرابزۆن، باشـووری ناوچە عەرەبنشینەکانی ویلایەتی موصڵ و موتسەرفییەتی دێرزۆر لـە ویلایـەتی حەلـەب، باشـووری خۆرهـەڵاتی ویلایەتی بەغداد، خۆرئاوای ویلایەتی سێواس و باشووری خۆرئاوای ویلایەتی ئەدەنە، هەر یەکە لەم ویلایەتانە ناوچەنیشنەکانی بە ڕەچەڵەك عەرەب و تورك بوون.

سـەبارەت بـە رووبـەری خـاکی کوردسـتانی عوسمـانی، بـەپێی سەرچـاوە هاوچـەرخەکان و بەهـەڵێنجان لـە ڕووبەری دەوڵەتی عوسمانی دیاریبکرێت، کە نزیکەی (٥.٥٩٤,٤٠٠)ی کیلۆمـەتری چوارگۆشە بووە[٥]، خـاکی کوردستانی عوسمانی لە ٥.٥٠٪ خاکی رووبەری دەوڵەتی عوسمانی پێکهێناوە لەنێوان سەدەکانی شانزەهەم تا ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهـەم، کـۆی گشـتی خـاکی کوردسـتانی عوسمـانی (٣٠٨,٠٠٠) هـەزار کیلۆمـەتری چوارگۆشـە بـووە و لـە ٦١.٢٣٪ خـاکی کوردسـتان لـە ژێـر دەسـەڵاتی عوسمانیـدا بـووە لـە کـۆی رووبـەری (٥٠٣.٠٠٠) هـەزار کیلۆمـەتری چوارگۆشـە سـەرجەمی خـاکی کوردسـتاندا[٦]، بـەڵام لەسـەروبەندی ڕاپـەرینی

(١) خارتـه مستخدمة لولايات المملكة العثمانية في اسيا، مطبعة اميركان، بيروت ١٨٩٣. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە پاشکۆی ژمارە(١) نەخشەی ویلایەتەکانی مەملەکەتی عوسمانی لە ئاسیا ١٨٩٣. ل٣٢)

(٢) د.فاضل بيات: الدولة العثمانية في المجال العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧، ص٣٥٨

(٣)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( پاشکۆی ژمارە(١)، نەخشەی ویلایەتەکانی مەملەکەتی عوسمانی لە ئاسیا ١٨٩٣. ل٣٢)

(٤) نەجاتی عەبدوڵلا: کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی-فارسی ١٦٣٩-١٨٤٧، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٨.

(5)To Rule the Earth: www.my.raex.com/obsidian/earthrul.html.-١٠-١٢ دوایین سەردانی ئەم لینکە رۆژی ٢٠١٥

(٦) د.أحمد محمد أحمد، اكراد الدولة العثمانية ١٨٨٠-١٩٢٣، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٩، ص٤٤-٤٥.

گـەلانی باڵکـان و خۆرهـەڵاتی ئـەوروپا و لەدەسـتدانی بـاکووری ئەفـەریقا، رووبـەری دەوڵـەتی عوسمـانی بەیەکداهاتەوە و لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٤ گەیشتە نزیکەی (٣,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە، کوردستانی عوسمانی لە (١٠.٢٦٪) کۆی گشتی رووبەری عوسمانی پێکدەهێنا[1].

ژمارەی دانیشتوان بەیەکێ لە گرفتەکانی بەردەم توێژەرانی مێژووی عوسمانی دادەنرێت، لەبەرئەوەی لە ئامارە فەرمییەکانی عوسمانیدا بەتەواوی جێگای بایەخپێدان نەبووە و بۆ سی ساڵ جارێك سەرژمێری دانیشتوان کراوە، ناوچە کوردنیشینەکانی عوسمانی بەهۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و نەخوێندەواری پشتگوێخراون، بەتایبەتی دەوروبەری شارە گەورەکان و لادێکانی کوردستان، هەرچەندە ژمارەی دانیشتوان بەبەراورد بە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەهەم و سەرەتای حەڤدەهەم، رێژەییەکی زۆری دانیشتوان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم کەمیکردەوە بەهۆی نزمبوونەوەی دانیشتوان لە حەوزی دەریای ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا و دواتر ڕاپەرینی گەلانی باڵکانی هاتەسەر، ژمارەی دانیشتوان لەنێوان (٢٥,٠٠٠,٠٠٠-٣٢,٠٠٠,٠٠٠) میلیۆن کەس بوو، کە لە ساڵی ١٩١٤ ژمارەی دانیشتوان کەمبوویەوە بۆ (٢٦,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن کەس[2].

چەند سەرچاوەیەکی عوسمانی لەبەردەستدان، وەك (قامووسئەعلامی)ی (شەمسەددین سامی) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەبەرگی شەشەمی لاپەرەکانی (٤٤١٨-٤٤١٩)دا، رێژەی کورد لە چوارچێوەی دەسەڵاتی عوسمانی بە (١.٥٠٠.٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنجسەد هەزار کەس دەخەمڵێنێت، ژمارەی کورد لە ریزبەندی شەشەم هاتووە لە دوای هەر یەکە لەگەلانی (عەرەب، تورك، بولگار و ڕۆماك، ئەرناوت-ئەلبانەکان، بۆشناق و سربەکان)، کە کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی (٤٠,٥٣٥,٠٠٠) ملیۆن کەس بووە، واتە رێژەی کورد لە ٣,٧٠٪ کۆی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی پێکهێناوە، سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لە ناوچە کوردنشینەکان بە (مەکتوم) تۆمار کراون واتە: بێدەنگیان لێکراوە و تۆمارنەکراون[3].

ساڵنامەکانی عوسمانی سەرچاوەیەکی تری فەرمین بۆ سەرژمێری دانیشتوان و گەلانی نێو ویلایەتەکانی بەشی ئاسیای عوسمانی، لەوانە کورد، بەڵام بەهۆی بەردەستنەبوونی هەموو ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ویلایەتەکانی، ژمارە خەملێنراوەکانی تایبەت بە ژمارەی کورد لە توێژینەوە نوێییەکان نەنووسراون، تەنها بە جیاجیا نووسراون، لەوانە بەپێی ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ(١٨٩٠-١٩١٢) ژمارەی کورد لە باشووری کوردستان گەیشتۆتە نزیکەی (١٩٦,٥٢٧) هەزار کەسی نیشتەجێبوو، لەگەڵ نزیکەی (٥٠,٨٩٠) هەزار کەسی کۆچەری گەرمیان و کوێستان، واتە کۆی دانیشتوانی باشووری کوردستان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و لە

(1) Donald Quatarat: The Ottoman Empire1700-1922, Second Edition, Cambridge University Press, Cambridge 2005.P.112.
(2)Ibid,P111-119.

(٣) شەمسەدین سامی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣-٤٤.

نیوەی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، نزیکەی چارێکە ملیۆنێك کەس بووە[1]، بۆیە دەرنەخستنی ژمارەی تەواوی گەلانی عوسمانی، بەهۆکاری ترس لە گۆڕینی سروشتی دانیشتوان و تێکچوونی هاوسەنگی نێوان نەتەوە و ئاینزا جیاوازەکان و بەسەربازکردنی زۆرەملێ لە ناو دەوڵەتەکە بووە[2].

**تەوەرەی یەکەم: دارشتنەوەی جیهانی نوێ:**

**أ–خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:**

**تویژەرانی خۆرئاوایی، ناوچەکانی تورکیا و باڵکان و رۆژهەڵاتی عەرەبی و میسر و کەنداو (عێراق و ئێران) و ئەفغانستان، لەسەر نەخشەی جیهان وەك ناوچەی جوگرافی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دیاریدەکەن[3]، بەڵام بۆ ریشەی ئەم زاراوەیە پێویستە هەندێ وردەکاری و زانیاری مێژوویی ئاماژە پێبکەین، بۆ پێناسەکردنی چەمکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی لە چوارچێوەدانێکی جیۆ–رووناکبیری و رامیاری و ئابووری هەیە، هەروەها بۆ تەواو پێناسەکردنی ئەم زاراوەیە، پێویستی بە لێکنزیکردنەوەی تیۆر و بۆچوونەکانی جیۆ–ستراتیجی و رووناکبیری و رامیاری و ئابووری هەیە، بەڵام چوارچێوەییەکی بابەتی و گشتی نییە، چونکە چینی و هیندییەکان ئەم ناوچەیە بە خۆرئاوای ئاسیا دەناسێنن، ئەمە بێجگە لە زاراوەی خۆرهەڵاتی نزیك، کە زۆربەی کات ئەوروپییەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانیان لە ناوچەکانی ئاسیای بچووك و باڵکان بەکاردەهێنا، ئەم بەکارهێنانەی ئەوروپییەکان زیاتر لەسەر بنەمای جیاوازی جیۆ–رووناکبیری بوو، نەك لەسەر بنەمای جوگرافیای سروشتی و بابەتی ئەم ناوچەیە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی. ئەلفرێد تایر ماهان١٨٤٠–١٩١٤ (Alfred Thayer Mahan)[4] بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا، ناوچەکەی دیاریکرد بە نێوانی نیمچەدوورگەی عەرەبی و هیند، کە هەڵگری گرینگییەکی ناوچەیی دەریاییە، ئەمەش لەبەر گرینگی ستراتیژی و ئابووری نەك لەبەر سروشتی جوگرافیایی، هەرچەندە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناوەندی یەکتربڕی دەریایی و بازرگانی نێودەوڵەتی نەبوو، بەڵکو نێوەندێکی جیهانی بۆ ئاڵوگۆڕی شارستانییەت و بیروباوەڕە ئۆلیی و رووناکبیرییەکان بوو، لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا زارەوەی ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکارهێنرا، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کە یەکەیەکی جیۆپۆڵەتیك و دەورەدراو بە موسڵمانشینەکان، هەروەکو هۆگارث (Hogarth) و ونستۆن چەرچڵ (Winston Churchil)**

---

(١)موصل ولایتی سالنامەسی ١٣١٢هـ–١٨٩٤م، مكتوبي ولایت عرفتلو صادق أفندي، موصل ولایتی مطبعسندە باصلمشدر، ص ٣٣٥.

(2)Donald Quatarat: Op.Cit,P.112.

(٣) بيتر مانسفيلد: تاريخ الشرق الأوسط، ت: أدهم وهيب مطر، ط١، النايا للدراسات و النشر و التوزيع، سورية–دمشق، ٢٠١١، ص ١٣.

(٤) ئەلفرێد تایر ماهان، ئەفسەرێکی باڵای سەربازی و مێژوونووسێکی بەکاریگەری ئەمریکی بوو، کە خاوەنی تێزی (هێزی دەریایی) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، وەك چەکێك بۆ بەرەنگاری و یەکلایکردنەوەی ململانێی نێونەتەوەیی بانگەشەی بۆ دەکرد. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دوای سەردان رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٢ www.britanica.com/biography/Alfred-Thayer-Mahan)

بیروڕایان وایە کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، بەهەمانشێوە توێژەرانی وەك داڤیسۆن.ئێچ (Davison H) و پۆند.ئێن. جەی (Pound N.J)، دوو بنەمای ناسینەوە بۆ پەیکەرەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دیاریدەکەن، یەکەم: شێوەگرتنی ناوچەیەك کە موسڵماننشینە، دووەم: میراتی بەجێماوی مێژووی هاوبەشی عوسمانییەکان[1].

لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی لاوازبوون و بەرەو پووکانەوەی دەسەڵاتی عوسمانی لەسەدەی هەژدەهەم، ئەم دەوڵەتە کەوتە ژێر کاریگەری و چاوتێبڕینی وڵاتانی زلهێزی وەك: بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و رووسیا، لەهەمانکاتیشدا کەوتە ژێرکاریگەرییە کارتێکراوەکانی دیپلۆماسی و سەربازی و رووناکبیری ئەم وڵاتە زلهێزانە. کە دواتر بە مەسەلەی خۆرهەڵات (المسئلة الشرقية) ناسێنرا، زلهێزەکان کەوتنە کێبرکێ لەسەر دەستگرتن بەسەر خۆرهەڵاتدا، هەریەکەیان بیانوییەکی هەبوو، وەك: بەریتانییەکان: بەدەستهێنانی گەرەنتی بۆ پەیوەندییە ئابوورییەکانی بە زەوییە کۆلۆنیاڵەکانیی، رووسەکان: خەونی تەواو گەیشتن و دەستبەسەرداگرتنی ئاوە گەرمەکان، فەرەنسییەکان: بەدەستهێنانی ناوچەی نوێ لە چوارچێوەی ململانێی هەیمەنەکردندا، ئەڵمانەکان: هەوڵیاندەدا ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە، کە دواکەوتبوون لە زۆرکردنی کۆلۆنیاڵی نوێ و جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی ئاسنینی بەرلین-بەغداد[2]، هەرچەندە مەبەستی زلهێزەکان ناردنەوەی عوسمانییەکان (بەتایبەتی تورکەکان) بۆ ئاسیای ناوەڕاست بوو، کەچی ئەمە سەرینەگرت، بەڵام توانیان خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گەلانی لە نەخشەیەکی نوێی جیهاندا دابەش بکەن لەژێر ناونیشانی نیشتمانێکی نوێ بۆ هەر نەتەوە و قەوارەیەکی جوگرافی-ئیتنی-ئاینی، دەستگرتن بەسەر سامانە کانزایی و سروشتییەکانی گەلانی ناوچەی خۆرهەڵات[3]، کە بەتەواوی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی سیماکانی ئەم سیاسەتە بەکرداری دەرکەوتن.

بۆیە لەماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا جموجوڵێکی گەورەی دیپلۆماسی دەستی پێکرد کە سەرئەنجامەکەی چەند ڕێکەوتننامەیەکی نهێنی واژۆکران لەوانە: سایکس-پیکۆ ١٩١٦، بەڵام تێگەیشتن لە هەوڵە دیپلۆماسییەکان نووسەرێکی وەك(أ.م. ئێرێڵ)ی لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی(تورکیا و وڵاتە گەورەکان و هێڵی ئاسنی بەغداد، نیویۆرك، ١٩٢٣) خستویەتیە باری سەرسوڕمانەوە و دەنووسێت: ئەگەر کەسێك بیەوێت لە مێژووی دیپلۆماتیەتی شەڕی یەکەمی جیهانی تێبگات، پێویستی بە لێکۆڵینەوە لەسەر ململانێی هێڵی ئاسنینی بەرلین- بەغداد هەیە، چونکە لەو بابەتەدا کەرەسەیەکی زۆر دەدۆزیتەوە[4]، هەر چەندە دوای

---

(١) احمد داود أوغلو: العمق الاستراتيجي موقع تركيا و دورها في الساحة الدولية، ت: محمد جابر ثلجي و طارق عبدالجليل، مراجعة: بشير نافع و برهان كوروغلو، ط١، الدار العربية للعلوم ناشرون و مركز الجزيرة للدراسات، بيروت، ٢٠١٠، ص ١٥٥-١٥٨.

(٢) المصدر نفسه، ص ١٥٩-١٦٠.

(٣) المصدر نفسه، ص ١٦٠.

(٤) د.ئیبراهیم عەلاوی: ئالوگۆر/بەرلین-بەغداد، و: د.شێرکۆ عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دوارۆژ بۆ رووناکبیری و ڕاگەیاندن، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٧٩.

دەرکەوتنی ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانی لەساڵی ١٨٧٠ هاوسەنگی نێوان وڵاتانی ئەوروپا لە بارچوو، بەشێوەیەکی تر خۆی نواندەوە، بۆیە پێویستی بە دروستکردنەوەی هاوسەنگی و پەیوەندیگرتنی دیپلۆماتیی هەبوو، کە دواتر ناونرا شۆرشی دیپلۆماتییەت (دیبلوماسیة الثورة)، کە بەریتانییەکان هەوڵەکانیان چڕکردبوو لەسەر بەرگرتن لە هاتنی نفوزی نوێی قەیسەری رووسی بۆ ناوچەکانی وەك: باشووری میسۆپۆتامیا و ئێرانی ژێر دەسەڵاتی قاجاری، هەروەها شکستهێنان بە هەوڵەکانی فەرەنسا و رووسیا بۆ دابەشکردنی خاکی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لە کۆتاییەکانی چارەکی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپای عوسمانی چەندین دەوڵەتی نوێ دروستبوون، بەریتانیا پشکی شێری بەرنەکەوت، بەڵکو روسیای قەیسەری بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی قۆرخیکردن، ناچار بەریتانیا بە هەژموونی دەریایی و پیشەسازییە پێشکەوتووەکەی توانی رێگە لە فراوانبوونی نفوزی رووسی بگرێت لەسەر خاکی عوسمانی و بەتایبەتی لە دەریای سپی ناوەڕاست و لە کۆنترۆڵکردنی تەنگەکانی بۆسفۆر و دەردەنیل[١].

دابەشکردنەوە و دارشتنەوەی جیهانی نوێ بە گۆڕانکاریکردن لە دارشتنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەستیپێکرد، کاتێك لە کۆتایی دەیەی سەدەی نۆزدەهەم لە بەرئەنجامی هاتنەکایەی چەند هاوپەیمانیەتێکی نوێ لەنێوان وڵاتانی زلهێزی ئەوروپا و جیهان، کاتێك بەریتانییەکان لە ساڵی ١٨٩٤ لە رێگای سەرۆك وەزیران مارکۆس سالسبێری سێهەم ١٨٣٠-١٩٠٣ (Marques Salisbury 3rd)[٢]، داوای لە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا فردریك فۆن هۆڵشتایین ١٨٣٧-١٩٠٩ (Friedrich von Holstein)[٣] کرد بۆ دابەشکردنی خاکەکانی عوسمانی لەنێوان خۆیاندا، بەڵام لەلایەن ئەڵمانەکان دووچاری وەرگرتنی وەڵامێکی نەرێنی بوو، بەهەمانشێوە رووسەکان لە ١٨٩٧ داوایان لە ئەڵمانیا کرد بۆ یارمەتیدانیان لە چەسپاندنی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیەکان لەلای دەسەڵاتی بابولعالی عوسمانییەکان، هەر هەمان وەڵامی بەریتانییەکانیان وەرگرت، بۆیە دوا رێکەوتنی روس و فەرەنسییەکان، نزیکبوونەوەی دوژمنە کلاسیکەکان(بەریتانیا-روسیای قەیسەری) سەریگرت و لە ١٨٩٨ رێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد لەسەر دابەشکردنی خاکەکانی عوسمانی بەتایبەتی لە سەر خاکی عێراقی عەرەبی بۆ بەریتانییەکان و ویلایەتی موسڵ(باشووری کوردستان) بۆ رووسەکان، ئەمە یەکەمین خاڵی ناو رێکەوتننامەی نێوان رووس و بەریتانی بوو

---

(١)د.ئیبراهیم عەلاوی: سەرچاوەی پێشوو, ل ٨٠-٨١.

(٢ ) مارکۆس سالسبێری سێهەم، لەماوەی نێوان ١٨٨٥-١٩٠٢ بۆ سێ جار بۆتە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاڕۆڵد وێڵسن: سەرۆك وەزیرەکانی بەریتانیا، و: ئاوات عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٨٢-٢٨٦).

(٣ ) فردریك فۆن هۆڵشتایین لەماوەی نێوان ١٨٩٠-١٩٠٦ وەزیری دەرەوەی ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانیا بووە، لە دوای بسمارك(Bismarck) بە کاریگەرترین کەسایەتی سیاسیەتی دادەنرێت لە سیاسیەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا، (بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم لینکە بکە، دوا سەردان رۆژی ٢٢-٠١-٢٠١٦، Friedrich-von-Holsteinwww.britanica.com/biography/)

که ئەندازیارەکەی سەرۆك وەزیران مارکۆس سالسبێری سێهەم بوو[1]، ئەمە دوو کاری نوێی سەرەتای سەدەی بیستەم بوو، یەکەم: دروستبوونی جەمسەرێکی گەورەی سەربازی و ئابووری و پیشەسازی لە خۆرهەلات بۆ باکووری ئەوروپا کە دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی وەك: بەریتانی-رووسی سەرکردایەتیان دەکرد لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، سەرئەنجام رێگا خۆشکەر بوو بۆ بەستنی چەندین رێکەوتننامە و سەرەکیترینیان رێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ بوو، دووەم: سەرەتای وەلانانی ئەو بڕیارە کۆنەی وڵاتانی ئەوروپی بوو، کە لە کۆنگرەی (ڤیرۆنا) لە ٢٢ی تەشرینی یەکەمی ١٨٢٢، بڕیاریاندا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی وەك خۆی بمێنێتەوە بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی بارودۆخی نێوان وڵاتانی ئەوروپا[2]، هەر لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمجار زاراوەی (مەسەلەی خۆرهەڵات) هاتە نێو کایەی دیپلۆماتیەتەوە، بەڵام تازە کارەکە لە ڕێرەوی خۆی پچرابوو، جیهانی ئەوکاتە و هەژموونگەرایی زلهێزەکانی بوون بە دوو بەرەی ناسراو، ئەڵمانەکان و عوسمانیەکان و مەجەر-نەمسایییەکان پێیاندەگوترا بەرەی میحوەر(تەوەر)، روسەکان و بەریتانیەکان و فەرەنسییەکان پێیاندەگوترا بەرەی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، کە ئەمە لە چوار ساڵەی شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨، ڕەنگیدایەوە، لەسەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانان نەخشەی جیهانی نوێ لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ لەسەر نەخشەی جیهان جێبەجێکرا، چارەنووسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و کاریگەرییەکانی هەر لە ئارادان، لەوانە چارەنووسی کوردستانی عوسمانی، کە خرایە سەر دوو دەوڵەتی خاوەن هێزی جیهانی لە ژێر سایەی حوکمڕانی مانداتی فەرەنسی و بەریتانی دا.

ب-چارەنووسی کوردستانی عوسمانی:

دەوڵەتانی زلهێزی جیهان لە پێش هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەرژەوەندییەکانیان لە بازنەی دژ بەیەك بوون، چونکە رووسەکان خۆیان بەشەرمەزار دەزانی ئەگەر دەرگای تەنگەکان(المضائق المائية) بەتایبەتی لە کەشتیگەلی سەربازی رووسی بۆ دەریای رەش دابخرێت، نەمسایییەکان باڵادەستی بازرگانی بوون لە حەوزی رووباری دانوب کە هێڵی بەستنەوەی ئابوورییەکەیان بە بازرگانی جیهانی بوو، بەریتانییەکان هۆگری مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوون، وەك بارستەیەکی کەنارخراوی بێلایەنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك. بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی، بەتایبەتی لەدوای کردنەوەی کەناڵی سوێس (قناة السويس) لە ساڵی ١٨٦٩، فەرەنسییەکان بە پلەی یەکەم پاردارکردنێکی نایابیی عوسمانییەکان بە ڕێگای قەرزپێدان بوون، هەروەها بەریتانییەکان بە پلەی دووەم، هەرچەندە بیریارانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ئەوروپا لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدەهەم، دوو ڕێگا چارەییان بۆ کۆتاییهێنان بە دەوڵەتی عوسمانی خستەڕوو، یەکەم: دووبارە دابەشکردنەوەی خاکەکانی عوسمانی، دووەم: ڕێکخستنەوەی رەوشی دەوڵەتی عوسمانی تا کاتێکی

(١ ) د.ئیبراهیم عەلاوی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢-٨٣.

(٢ ) إريك زوركر: تاريخ تركيا الحديث، ت: د.عبداللطيف الحارس، مراجعة: سعد ضاروب، ط١، دار المدار الاسلامي، بيروت، ٢٠١٣، ص ٦٦.

تر بۆ گۆڕانكاری دێتە پێشەوە، دەوڵەتانی زلهێزی ئەوروپی لەسەر بۆچوونی دووەم مانەوە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی عوسمانییەكان، بەڵام ئەڵمانیا لە ١٨٧٥ پەسەندی ئەم بۆچوونەی یەكەمی دەكرد، بەتایبەتی ڕاوێژكاری ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانی ئۆتۆ ڤۆن بسمارك ١٨١٥–١٨٩٨ (Otto von Bismarck) پێی وابوو كە كۆتایی بە دەسەڵاتی عوسمانییەكان بهێنرێت، هەرچەندە ئەڵمانییەكان لەدوای نۆزدە ساڵ لەم بۆچوونەی پێشوویان پەشیمانبوونەوە كاتێك بەریتانییەكان لە ١٨٩٤ پشنیازی دابەشكردنی خاكەكانی عوسمانیان لەنێوانیاندا كردبوو كە بە وەڵامێكی نەرێنی كۆتایی هاتبوو، بەهەمانشێوە وڵاتانی تری ئەوروپی لە ڕای دووەم بە پێی تێپەڕینی كات پەشیمانبوونەوەی خۆیان بە دابەشكردنی دەوڵەتی عوسمانی لە پێش هەڵایسانی شەڕی یەكەمی جیهانی و دوای ١٩١٨ سەلماند[١]. سەرەتاییەكەی بە داگیركیردنی تاكە ویلایەتی بەجێماوی عوسمانی لە كیشوەری ئەفەریقا (تەرابلوسی خۆرئاوا–لیبیا) بەرەزامەندی تەواوی بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا بە مەرجی بێلایەنبوونی ئیتاڵیا لە هەڵوێستی لەهەمبەر ململانێی وڵاتانی ئاماژپێكراو لەگەڵ ئەڵمانیا و نەمسا–مەجەر دا، كە ئەم داگیركارییە لە ٢٩ی ئەیلولی ١٩١١ تا ١٧ی تەشرینی یەكەمی ١٩١٢ بەردەوامی كرد و بەتەواوی لیبیا لەلایەن ئیتاڵیاوە داگیركرا، دەوڵەتی عوسمانی لە كیشوەری ئەفەریقا بەیەكجاری دەسەڵاتەكەی ڕامالرا[٢].

ئەمە سەرەتای زەنگلێدانی كۆتاییهاتنی دەسەڵاتی عوسمانی بوو، دوای ئەمە شەڕی باڵكانی دووەم ١٩١٢–١٩١٣، بەرپابوونی بزووتنەوەی چەكداری لە كوردستانی عوسمانی لە ناوچەكانی بەدلیس و بارزان، هاوكاتبوونی ڕووداوی جوڵانەوە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی باكوور و باشووری كوردستانی عوسمانی بە ڕووداوەكانی ناوچەی باڵكان، كە لە ئەنجامی دوو هۆكاری سەرەكی یەكانگیر دەبوون، یەكەم: ستەمكاری دەسەڵاتی عوسمانی بەهەموو شێوازەكانی حوكمڕانی كارگێری، سیاسی، ئابووری، ئاینی، فەرهەنگی و خوێندەواری، دووەم: خراپی بارودۆخی ژیانی هاوڵاتیانی ژێر دەستی عوسمانی بەتایبەتی ڕێژەی بەرز و جۆراوجۆری باجەكان، بەرزبوونەوەی نرخی شتومەكەكانی پێویست بۆ پێداویستی ڕۆژانە، هەر بۆ نموونە لە ناوەڕاستی شەڕی یەكەمی جیهانی تێچووی ژیانی ڕۆژانە، چواردە جار زیادیكرد بەبەروارد بە سەرەتاكانی پێش هەڵایسانی شەڕ، خەڵكی ناچار بە نارەزایی دەربڕین و هەڵوێست وەرگرتن لە دەوڵەتی عوسمانی كرد[٣]. هەرچەندە عوسمانییەكان" باڵكانییەكانیان وەك نەژادێكی سلاڤی–مەسیحی ئەرتۆدۆكسی، كوردەكانیان وەك نەژادێكی ئاری–سوننە مەزهەبی شافعی دەچەوسێنرانەوە، بێجگە لە ڕاپەرینی بەردەوامی باڵكانی و كوردەكان بە شێوازی بزووتنەوە چەكداری و سیاسی لە دژی دەسەڵاتی عوسمانی، كە لەچارەكی

---

(١ ) أ.ج.ب. تايلور: الصراع على سيادة أوروبا ١٨٤٨–١٩١٨، ت: فاضل جتكر، ط١، الكلمة و المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠٩، ص ٣٢٧–٣٢٨.

(٢ ) إريك زوركر: المصدر السابق، ص ١٦٠–١٦١.

(٣ ) المصدر نفسه، ص ٢١٠.

یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم سەریهەڵدابوو، لەهەمانکاتیشدا رووخاندنی دەسەڵاتە خۆجییەکان(میرنشینەکان)ی باڵکان لە سالانی ١٨٢٠ و دواتر، کوردستان لە ١٨٣٦-١٨٥١ بوونە ئامانجی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندێتی عوسمانییەکان[١]. ئەم سیاسەتە بەردەوامی هەبوو تا کۆتایهاتنی شەڕی یەکەمی جیهان، کە بوو بە سەرچاوەی پێکدادانی دەوڵەت و گەلانی ئاماژەپێکراو و هاتنی بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز.

لە سەرەتای شەڕدا وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەتی (بەریتانیا و فەرەنسا) کەوتنە گفتوگۆی نهێنی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستانی عوسمانی، چونکە لە ساری قامیش لە باکوور، خانەقین لە باشوور، ئەرزنجان لە خۆرئاوا بەمشێوەیە شەڕی گەورەی جیهانی گەیشتبووە سەرانسەری کوردستانی عوسمانی[٢]، هێزی کوردی بە ژمارەیەکی گەورەی سەربازی نیزامی و خێڵەکی (سوارەی حەمیدی) بەشداری ئەم شەڕەییان کرد، وەك لە خەملاندنی مێژوونووس (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) نووسیوویەتی: نیومیلوێن چەکداری کورد بەشداری کردووە، کە تێیدا (٣٠٠,٠٠٠) هەزار سەرباز بریندار ی شەڕ بوون، واتە لە ٦٠٪ی سەربازانی کورد[٣]، بێجگە لەوەی دانیشتوانی کوردستانی عوسمانی بەدەر نەبوون لە کۆچپێکردن و مردن لە تاوی برسێیەتی و کوشتنیان، کە بە لەناوچوونی ژمارەی دانیشتوانی کورد بە (٥٠٠,٠٠٠) هەزار کەس مەزەندەی دەکرێت[٤]، واتە لە دەرئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانی نزیکەی(٨٠٠,٠٠٠) هەزار کورد لە کوژراو و بریندار و کۆچپێکراو(دوورخستنەوەی بە زۆرەملێ) هەبووە، بێجگە لە کۆمەڵکوژییەکانی سوپای رووسیای قەیسەری و گروپە چەکدارەکانی ئەرمەنی، کە بەپێی زۆرێك لەسەرچاوەکان، لەناوچەیەکی وەك رواندز نزیکەی (٦٠٠٠) هەزار لە منداڵ و ژن و پیاوانی بەتەمەن کومەڵکوژکران، چونکە پیاوە پێگەیشتووەکانی رواندز بۆ بەرگریکردن لە دەوڵەتی عوسمانی لە بەرەکانی شەڕدابوون، بەهەمانشێوە لە شاری خانەقین نزیکەی (٥٠٠) کەس کوژران، جگە لە رووخاندن و سووتاندنی خانوو و بەرهەمە کشتوکاڵی و خۆراکییەکانی دانیشتووانی کوردستانی عوسمانی کە کەوتبوونە ژێری هێرشی ئەم سوپایە[٥]، سەرەڕای ئەم زیانە مرۆیی و ماددییانە" دیاردەی کەمبوونەوەی دەستی کار دەرکەوت، کە بەرئەنجامەکەی بڵاوبوونەوەی برسێیتی و نەخۆشییەکانی وەك: کۆلێرا و تاعوون، هاتنە کایەی قۆناغی نائارامی و تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و زۆر بوونی رێژەی

(١ ) إريك زوركر: المصدر السابق، ص ٥٦-٦١.

(٢ ) روبرت أولسون: تاريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠-١٩٢٥، ت: أحمد محمود خليل، ط١، دار الفارابي-دار ئاراس، بيروت، ٢٠١٣، ص٥٠.

(٣ ) محەممەد ئەمین زەکی بەگ: خولاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان، بەرگ٤، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٨٤-١٨٥.

(٤ ) هەمان سەرچاوە، ل ١٨٨.

(٥ ) د.عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة، ط٣، التفسير للنشر و الاعلان، أربيل، ١٤٣٢هـ-٢٠١١م، ص ٢٨٧.

دزیکردن و تاوانی کوشتن[1]، ئەم ململانێیی نێوان دەوڵەتانی زلهێز لەسەر چارەنووسیی کوردستانی عوسمانی وەك لە باسەکانی پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد، سەریکێشا بۆ دابەشکردنی خاکەکەی بەپێی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی وڵاتانی زلهێزی وەك: روسیا، بەریتانیا و فەرەنسا بەتایبەتیتر[2].

ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانی و دەوڵەتانی سوێندخۆر، هەوڵی بەدەستهێنانی دۆستایەتی کوردییان لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون بە هۆی دووری کوردستان لە کاریگەری دەوڵەتانی ئاماژەپێکراو، هەروەها سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی یەکانگیر و یەك ئامانجی دیاریکراو لە داهاتوودا نەبوون، هەر زوو دەگەڕانەوە پایتەختەکەی دەوڵەتی عوسمانی کە لە کوردستانەوە زۆر دوور نەبوو، کاریگەرییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی زۆرتربوون، بەتایبەتی لە دوای فەتوای موفتی گەورەی دەوڵەت(شێخولئیسلام) بۆ جیهادکردن لە دژی دەوڵەتانی هاوپەیمان، ئەمەش دوای مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی هاوپەیمانێیەتی نێوان ئەڵمانیا و عوسمانییەکان لە ٢ی ئابی ١٩١٤، بەڵام لە نیسانی ١٩١٥ هێزەکانی عوسمانی لە ناوچەی صاری قامیشی سەر بە ویلایەتی ئەرزەرۆمی باکووری کوردستانی عوسمانی شکستێکی گەورەیان تۆمارکرد[3]، ئەم شکستە سەرەتای تێکشکاندنی هەژموونی دەوڵەتی عوسمانی لە دوای دەستپێکردنی شەڕ بوو، دەرکەوتنی ئاماژەکانی چارەنووسی بەشێك لە خاکی کوردستانی عوسمانی، کە لەلایەن رووسەکانەوە خرایە ناو گفتوگۆکانی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ، بۆ ئەوەی لە داهاتوو ببێتە بەشێك لەخاکی دەوڵەتی ئەرمێنیای گەورەی چاوەڕوانکراو. بۆیە چارەنووسی کوردستانی عوسمانی لەدوای دە مانگ لە هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کەوتە ناو بیرکردنەوەی داڕێژەرانی سیاسیەتی دەرەوەی بەریتانیای گەورە، کە تا ئەوکاتە بەشێوەیەکی پراکتیکی سەربازی و سیاسی بیر لە ئایندەی ناوچەکانی عوسمانی نەکرابۆوە بۆ دوای شەڕ، لەدوای ئەمە بەریتانیا و فەرەنسا و بەپەسەند زانینی رووسەکان کەوتنە گفتوگۆی دابەشکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی لە چوارچێوەی دابەشکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و نەخشە ڕێژکردنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ لە سەدەی بیستەمدا.

**تەوەرەی دووەم: کاریگەریی ململانێی دەوڵەتان لە هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی:**

کاریگەری هێزە جیهانییەکانی وەك: بەریتانیا و فەرەنسا و رووسیا و ئەڵمانیا، ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە قووڵبوونەوەی ململانێی نێوانیان بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندییە ستراتیجیەکانیان، هەریەك لەم هێزانە کاریگەرییەکانیان بۆ سەرەتای قۆناغێکی مێژوویی دەگەڕێتەوە، کە ئەنجامی ئەم ململانێی مێژووییە هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی لێی بەرهەمهات، ریشەی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای گەورە بۆ

(١) بۆ زانیاری دەربارەی بارودۆخی کوردستانی عوسمانی لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی، بڕوانە: د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٥، ل ٥١-٨٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١-٢٩.

(٣ ) د.عثمان علي، المصدر السابق، ص ٢٨٤-٢٨٥.

سـەدەی هەژدەهـەم لـە کوردسـتان و میسـۆپۆتامیای عـەرەبی دەگەڕێتـەوە، سـەرەتای هەوڵـەکانی بـەریتانیا بـۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی لە باشووری عێراق بەتایبـەتی لـە ویلایـەتی بەصرا و بەغداد دەستیپێکرد، بەڵام ئەو کاتە لەگەڵ رووسەکان بەتایبەتی تا ساڵی ١٨٣٠ بوو، بەڵام دواتر لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەهـەم لەگـەڵ ئەڵمانـەکان[1]، واتـە ململانێـی دەوڵـەتان لەسـەر چارەنووسـی ویلایەتـە عوسمانییـەکانی ئاسـیا، بەتایبـەتی کوردسـتان لـە نێوانیانـدا بـوو بـە پردێك لـە بەرژەوەنـدی ئـابووری و سـەربازییان بـۆ جێپـێ قایمکردنیـان تێیـدا، کاریگەری دەوڵەتی فەرەنسا لە کاتی هەڵمەتی هێزەکانیان بۆ سـەر خـاکی میسر لـە ١٧٩٨ دەرکـەوت، یـەکێك لـە ئامانجـە دوورەکـانی نـاپلیۆن و دەوڵـەتی فەرەنسـی داگیرکردنـی ویلایـەتی بەصـرا بـوو، وەك سـەر ڕێگـای هیندستان-بەریتانییەکان، دەستگرتن بەسەر دڵی بازرگانی کیشوەری ئاسیا و خۆرئاوای ئەوروپا کـە بـەریتانیا سـەرکردایەتیی دەریـایی دەکـرد، بـەڵام وەڵامـی ئـەم پیلانـەی فەرەنسـییەکان بـە گرێـدانی پەیوەنـدی لەلایـەن کۆمپانیـای هینـدیی خۆرهـەڵاتی لەگـەڵ پاشـالیکەکانی بەغـداد کۆتـایی پێهنـرا[2]. کـە یـەکێ لـە ئامانجـەکانیان دەستگرتنبوو بەسـەر باشـووری میسـۆپۆتامیا کـە دەکەوتـە نێـو بازنـەی هێڵـی بازرگـانی وشـکانی لـە دەوڵـەتی عوسمانی کە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەسەریدا دەڕوانی.

لەم سەروبەندەدا پاڵپشتی بەریتانیای گەورە بۆ دەوڵـەتی عوسمـانی و ریفۆرمـەکانی چەسـپاندنی دەسـەڵاتی ناوەندێتی سوڵتان مەحموودی دووهەم لەماوەی حوکمڕانییەکەییدا ١٨٠٨-١٨٣٩، لەسـەر کوردسـتان بـەڕوونی دەرکەوت بەتایبەتی لە سەرکوتکردنی میرنشینەکانی سۆران و بۆتـان، بۆ بەڵگەهێنانـەوە لەسـەر سیاسـەتەکانی بەریتانیا لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەکردار ئەم پاڵپشـتییە دەرکـەوت، لـە نامەیـەکی نێردراوی بـەریتانی ریچـارد وود ١٨٠٦-١٩٠٠ (Richard Wood) بـۆ میر محەمـەد پاشـای رواندز، کـە لـە دەوروبـەری تـەمموز-ئـابی ١٨٣٦ نووسـیوویەتی: **"حکومـەتی بـەریتانیا ئارەزوومەنـدە بـە سـەرکەوتنی هاوپەیمانەکـەی سـوڵتان، بەهـەموو توانـای کـە بەردەسـت دەبێـت بـۆ بوژانـەوەی ئیمپراتۆرییـەتی عوسمـانی، ئێمـە خۆمـان تەرخاندەکەین بۆ زاڵبوون بەسەر یاخیبوونەکانی ناوخۆیی دژ بە توانستە باڵادەستەکانی، هەستدەکەین کە تۆ ئارەزوومەندی ملکەچبوون بنوێنی بۆ گەورەت سوڵتان، لە پێناو دەرخستنی ئارەزوت بۆ بابوعالی و لە ڕێگـای پایەدار باڵیۆزی بەریتانیا، ئەمەش بۆ سەرخستنی پایەداربوونەکەی و هاندانی بۆ دەستخستنی گـەرەنتی بـۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی تۆ و گەورەکەت کە لەسـەری رێکـەوتوون"**[3]. ئـەم دەقـە فـەرمانێکی ئـاوەژووکراوی عوسمانییە کە بەزمانی عەرەبی لەلایەن نێردراوێکی بەریتانی بـۆ میر محەمـەد پاشـای رواندز نێردراوە، بـەناوی دەوڵـەتێکی گـەورەی جیهانی(بـەریتانیای گـەورە)، لەهەمانکاتیشـدا واقیعێکـی راسـتەقینە نیشـاندەدات کـە

---

(١) زەکی ساڵح: ریشەی کاریگەرییەکانی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا، و: کامیل محەمەد قەرەداغی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٢٣-١٥١.

(٢ ) د.ئیبراهیم عەلاوی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠-٣١.

(3) A.B. Cunningham: The Early Correspondence of Richard Wood 1831-1841,The Royal Historical Society, London, vol3, 1966, P103.

پارێزگاریکردن له بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا نێردراوەکەی له حەلەب لـە باکووری سوریای ئێستادا ڕاکێشا بۆ دەشـتی هـەریر کـە ئـوردوی سـوپای عوسمـانی تێیـدا جێگرابـوو بـە سـەرۆکایەتی عـەلی رەزا پاشـای موصـڵ، نامەیـەکی لـەم بابەتـە بنووسـێت. ڕووی ڕاسـتەقینەی بەریتانییـەکانی بـۆ ئاینـدەی کوردسـتانی عوسمـانی بـە دیارخسـت کـە دوای ٨٠ هەشـتا سـاڵ واتـە لـە ١٩١٦، ئەنجامـەکانی لـە دارشـتنەوە و دیـاریکردنی سـنووره نوێیەکان ببێتە بەشێك له کۆلۆنیالێکی بەریتانی له خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا.

پاڵپشـتی بەریتانیـەکان بـۆ دەسـەڵاتی ناوەنـدێتی عوسمـانی لەئەنجامـدا روسـیای قەیسـەری دەرفـەتی دابەشبوونی دەوڵەتی عوسمانی بەهەل وەرنەگرێت بۆ بەهێزکردنی بەرژەوەندییەکانی، لـە بەڵگەنامەییـەکی تری بەریتانی کە له ١٦ی ئایاری ١٨٣٧ بۆ ریچارد وود نێردراوە لەلایەن باڵیۆزی بەریتانیا لـۆرد پۆنسنبی ١٧٧٠–١٨٥٥ (Lord Ponsonby)[1]، نێردراوە، لـەکاتی سەردانی میر محەمەد پاشای رواندز بۆ ئیستانبوڵ، داوای بەپەلـە گەڕانـەوەی میری نـاوبراو دەکـات بـۆ ڕێگریکـردن لـە فراوانخوازییـەکانی روسـیا بـۆ سـەر سـنوورەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی، بەتایبـەتی لـە نزیکبوونـەوەی هێزەکـانی روسـیا لـە سـنوورەکانی میرنشـینی سـۆران لـەلای باکووردا[2]، وەك ئامارژەمـانپێکرد ئـەم ململانێیـە بـەردەوامبوو تـا سـاڵانی ١٨٦٠ و دواتـریش لـە ڕێکەوتننامـەی بـەرلین ١٨٧٨[3]، دەوڵـەتانی ئـەوروپی مەسـەلەی چاکسـازییان بەسـەر دەوڵـەتی عوسمـانی لـە ویلایەتـەکانی خۆرهەڵاتـدا بەتایبـەتی لـە ناوچـە ئەرمەنیبنشـینەکاندا سـەپاندبوو، هەرچـەندە لـە دووکـاتی جیـادا هـەر یەکـە لـە ویلیـام جـی ئـابووت(William J. Abbott) و مەیجـەر ئـێچ تروتـەر١٨٤٤–١٩٠٥(Maj. H. Trotter) لـە چـارەکی کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهـەم حکومـەتی بـەریتانیایان لـەوە ئاگـادار کردبـوە کـە بـارودۆخی کـورد لـە کوردسـتانی عوسمـانی لـە ڕووی ژیـان و بـارگوزەرانی خـەڵك نالـەبارە، بـەڵام بێوەڵامدانەوەییـەکی ئـەرێنی حکومەتەکـەیان، دیپلۆماتـە ئینگلیزەکـان لـە بیَ ئومێـدبوون، سیاسـەتی گشـتی بـەریتانیا ئـەوەبوو کـە کێشـە و جوڵانـەوەکانی کـورد چ لـە دەوڵـەتی عوسمـانی و هـەتا قاجاریـدا دەبێـت بـە بەکارهێنانی هێـزی رەق(سـەربازی)

---

(١) لۆرد پۆنسبنی یان جۆن پۆنسبنی له ماوەی نێوان ٢٧ی تەشرینی دووەمی ١٨٣٢ تا ١٨٤١ باڵیۆزی بەریتانیای مەزن بووە لە ئیستانبوڵ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانـەوە ئەم بڵاوکراوەیە:( A Directory of British Diplomats; Ponsonby ,John1st, P399.)

(2 ) A.B. Cunningham: Op. Cite. P122.

(٣) لەسەرچاوە مێژووییەکاندا بە کۆنگرەی بەرلین ناوزەد دەکرێت، کـە لـەماوەی ١٣ ی حوزەیران تا ١٣ی تـەمموزی ١٨٧٨ لـە ئەڵمانیا بەسترا بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانی نێوان رووسیای قەیسەری و تورکیای عوسمانی، ئەم کۆنگرەیـە بوو بـە جێگرەوەی ڕێکەوتننامـەی سانسـتیڤانۆ کـە لـە ٣ی ئـاداری ١٨٧٨ لـەنێوان روس و عوسمانیـەکان مۆرکرابـوو. لـە ئـەنجامی شـەڕی سـاڵانی ١٨٧٧–١٨٧٨ی روس و عوسمـــانی دا. (بـــۆ زانیـــاری زیـــاتر بڕوانـــە ئـــەم لینکـــە: دوا ســـەردان رۆژی ٢٠١٦/١/٣٠ (www.britanica.com/event/Congres-of-Berlin.

چارەسەر بکرێت، تەنها بە ئامانجی دەرفەت وەرنەگرتنی رووسەکان بۆ فراوانخوازییەکانیان لە ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی عوسمانی-ئەرمەنی-کوردنشین دا[1].

فراوانخوازی رووسەکان بۆ دەستگرتن بەسەر کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و قووڵبوونەوەی ململانێیکانیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەتی لەماوەی شەڕەکانی ١٨٢٨-١٨٢٩، سەریهەڵدا، بەڵام سەرەتا پەیوەندی نێوان هێزەکانی رووسیا بە سەرۆکایەتی شازادە کنیاز تسی تسیانۆف، لە هەڵگیرسانی شەڕەکانی فارس و رووسەکان لەماوەی ١٨٠٤-١٨١٣ لە قۆناغی یەکەمدا، لە ١٨٢٧-١٨٣٦، لە قۆناغی دووەمدا لەگەڵ کوردەکان هاتەکایەوە، ئەمەش بۆ ڕاکێشانی سەربازان و جەنگاوەرانی کورد لە سوپای عوسمانی و هێزە چەکدارە خێڵەکییەکان بۆ ناو سوپای قەیسەری و دەستگرتن بەسەر دەوڵەتی فارس و هەرێمەکانی قەفقاسیا، ئەم شەڕانە سەرەتای بەشداربوونی کورد لە یەکلایکردنەوەی ململانێی هێزە جیهانییەکان لەسەدەی نۆزدەهەم بوو، وەك هێزێکی بەکرێگراو و سەرەڕای بەکارهێنانی خاکەکەی تاوەکو شەڕی ساڵانی ١٨٧٧-١٨٧٨ عوسمانی و رووسی[2]، ئەمە بوو بە دەستپێکی هاتنەژوورەوەی هێزی سەربازی رووسی بۆ ناوخاکی کوردستانی عوسمانی، هەرچەندە لەسەرەتای دەییەکانی سەدەی نۆزدەهەم روسیا لە ڕێگای لێکۆڵینەوە و نووسینی کاربەدەستانی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی لە کوردستانی عوسمانی پەرەی سەند، تا گەیشت بە نموونەی باڵای کارە هاوبەشەکانی نێوان ئەلکیساندەر ژابا ١٨٠٣-١٨٩٤ و مەلا محمودی بایەزیدی١٧٩٧-١٨٦٠، لەمکاتەدا و تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ململانێیەکی زۆر نوێ لە کوردستانی عوسمانی سەریهەڵدا و کاریگەرییەکانی لە نیوەی دووەمی هەمان سەدە دەرکەوتن، ئەمەش لە کردنەوەی دەرگای کۆمەڵە ئیتنی و ئایینەکانی کریستیانی بۆ نێردراوە موژدەبەخشەکانی بەریتانی و فەرەنسی و رووسی و ئەڵمانی و نەمسایی و ئەمەریکی، کە ڕۆڵێکی گەورەیان لە تێکبەردان و نانەوەی شەڕی ئیتنی-ئایینی ناوچەیی لەنێوان کورد و ئەرمەنی دا بینی[3]، لەشارە ستراتیجییەکانی کوردستانی عوسمانی وەك: دیاربەکر، موصڵ و ئەرزەرۆم، وان، خارپوت، سێرت و ئامێدی مەڵبەندی سەرەکیان دامەزراند، ئەم ململانێیە بەردەوامی دا تا سەدەی بیستەم، بەتایبەتی لە نێوان موژدەبەخشەکانی (Missionaries) فەرەنسی و بەریتانی و ئەمەریکی و ئەڵمانی، بەشێوەیەکی زۆر توند رکابەری یەکترییان ئەکرد[4]، کە ئامانجیان فشارخستنە سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ چەسپاندنی بەرژوەندییەکانیان، دەستێوەردانیان لەکاروباری بۆ ناو کۆمەڵە جیاجیاکانی ئاینی-ئیتنی بۆ دوورخستنەوەیان لە یەکتری و جێبەجێکردنی نەخشەی دابەشکردنی

---

(١ ) د.سعد بشیر اسکندر: من التخطیط إلی التجزئة، سیاسیة بریطانیا العظمی تجاه متسقبل کردستان ١٩١٥-١٩٢٣، من منشورات بنکەی ژین لإحیاء التراث الوثائقي و الصحفي الکردي، السلیمانیة، ٢٠٠٧، ص ٣٦-٤٦.

(٢) پ.ی.ئەڤێر یانۆۋ: کورد لە جەنگی روسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، و: د.ئەفراسیاو هەورامی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢٣-٣٩.

(٣) هۆگر طاهر توفیق: الکُرد والمسألة الأرمنیة ١٨٨٧-١٩٢٠، دار اراس للطباعة و النشر، أربیل، ٢٠١٢، ص ٤٥-٤٦.

(٤) حسین مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگ١، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢١٣.

کوردستانی عوسمانی لەنێوان خۆیاندا بۆ داهاتوو کێشابوو. بۆ ئەمەش هەرێمە دوورەکانی خۆرئاوای کوردستانی عوسمانییان هەڵبژارد لە ویلایەتەکانی عوسمانی وەك: بەیروت لە دابەزینی سەربازانی فەرەنسی لەکەشتیگەلی وڵاتەکەیان لە دوای هەڵایسانی شەڕی نێوان کریستیانەکانی مارۆنی و دروزەکانی لوبنان لە ١٨٦١، ئەمە زەلیلبوونێکی گەورەی بە دەوڵەتی عوسمانی دا و سوڵتانی ناچار بەبەخشینی حوکمی خۆبەڕێوەبەری دا، کە ناپلیۆنی سێهەم ١٨٠٨-١٨٧٠(Napoleon III) لەماوەی حوکمڕانییەکەیدا ١٨٤٨-١٨٧٠ خۆی بە پارێزگاری مەسیحییەکان دادەنا، هەڵبژاردنی حاکمی مەسیحی مارۆنی لەلایەن دەوڵەتانی زلهێز هەڵدەبژێردرا و سوڵتانی عوسمانی پەسەندی دەکرد ئەم نەریتە نێودەڵەتییە تا ئێستا بەردەوامە[1]، یەکێك لەناوچە گەرمەکانی ململانێی نێوان ئاسوورییەکان و کورد ناوچەی هەکاری بوو کە نێردراوە موژدەبەخشەکانی فەرەنسی کاریگەرییەکی بەهێزیان لەم ناوچەیە هەبوو، فەرەنسا لەناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری جیهانی دا مەسەلەی ئاسوورییەکانی بەشێوازەکانی نامە و نووسین و گفتوگۆی دیپلۆماتی دەخستە بەرباس، بەتایبەتی لە دروستکردنی ڕای گشتی و بڵاوکردنەوەی بارودۆخی ئاسوورییەکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا[2]، ئەم دەستێوەردانەی فەرەنسییەکان کاریگەری خوڵقاند لە دوای (٥٥) پەنجاو پێنج ساڵ واتە: لە ١٩١٦ بەرزخوازی زیاتر بنوێنن لە داواکردنی ویلایەتی موصڵ و ناوچەکانی خۆرئاوای کوردستان کە شادەماری وزەی نەوت بوون. لەکاتی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ و گفتوگۆکانی دواتریان لەگەڵ بەریتانییەکاندا.

لەسەرەتای سەدەی بیستەم بارودۆخی کوردستان بەتایبەتی دوای ڕێکەوتننامەی (پۆتسدام ١٩١٠)ی نێوان رووس و ئەڵمانەکان گۆڕا، بۆ بەستنەوەی شاری تاران لە ئێرانی قاجاری بە شاری بەغدادی عوسمانی، لەرێگای دروستکردنی هێڵی ئاسنین، کە ئەم هێڵە بەناوچەی خانەقین-کفری بەرەو خۆرهەلاتی کوردستان تێپەڕدەبوو، هەروەها دەرکەوتنی (کانزای نەوت) کە ئەڵمانەکان دەیانویست لە ڕێگای دامەزراندنی هێڵی ئاسنینی بەرلین-بەغداد کۆنترۆڵی بکەن[3]، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی هێزی ئەڵمانەکان وەك رکابەرێکی نوێی بەدەرکەوتووی بەریتانیەکان بوو، بۆیە لەم بارودۆخە نوێیەدا باری ناوخۆیی کۆمپانیا گەورەکانی بەریتانیا فشارێکی گەورەیان دروستکرد بۆ دەستبەرکردنی وزەی هاوچەرخ کە نەوت بوو، هەروەها وەزارەتەکانی (کاروباری دەرەوە و شەڕ) ترسیان بۆ دروستببوو کە لەداهاتووی وزەی پاترۆڵ و ئیمتیازاتەکانی وەك دەوڵەت بێبەشبکرێن، سەرباری ئەوەی کە کوردستان دەکەوتە سەر باشووری هێلی بەستنەوەی بازرگانی وشکانی بەناوچەی هیندستان و دەڕوانێت بەسەر باشووری میسۆپۆتامیادا کە بەندەرەکەی بەصرایە، هەرچەندە کەلوپەلەکانی پیشەسازی نەوت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوردە دەکران، ئەمەش بۆ نوێکردنەوە و گۆڕینی وزەی کەشتیگەلی بەریتانی

---

(١) بيتر مانسفيلد: المصدر السابق، ص ١١٥.

(٢) د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، و: موحەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٤-٢٥.

(٣ ) د.سعد بشير اسكندر: المصدر السابق، ص ٤٩.

لە خەڵوزی بەردینی بۆ نەوت[1]، بەڵام ئەڵمانەکان خۆیان بەڕکابەری دەریایی بەریتانییەکان دەزانی، بەڵام کاتێك بەریتانییەکان زانیان کە باشووری کوردستان خاوەنی وزەی نەوتی زۆرە فشارەکانیان لە سەر حکومەتی عوسمانی(بابولعالی) لە ئیستانبوڵ زیاترکرد، بەریتانییەکان بوون بە خاوەنی لە ٧٥٪ پشکەکانی گەڕان و دەرهێنانی نەوت لە ویلایەتەکانی بەغداد و موصڵ لە ١٩١٤، کە زۆرینەی خاکی باشووری کوردستان سەر بەم دوو ویلایەتە بوون، کەچی ئەڵمانەکان لە ١٩٠٣ رێکەوتننامەیان لەگەڵ عوسمانییەکان واژۆکردبوو، بەڵام بوون بە خاوەنی لە ٢٥٪ پشکەکانیان لە گەڕان و دەرهێنانی نەوت[2]. هەر لەم سەروبەندەی گەرمبوونی ململانێنی دەوڵەتان، ڤ.ف.مینۆرسکی ١٨٧٧-١٩٦٦(Vladimir Fedorovich Minorsky) لەبەرئەنجامی گەشتەکەی بە ئاسیای بچووك دا ڕاپۆرتێکی لە ساڵی ١٩٠٥ نووسیی، کە تێیدا ئاماژەی بەوەکردبوو کە بەگشتی کوردستان بۆ روسیا گرینگە، هەر گۆڕانکارییێەك لە دابڕینی پارچەیەك لە خاکی ئێران(خۆرهەڵاتی کوردستان) بخرێتە سەردەوڵەت عوسمانی، ئەوا لە ژێر سێبەری ئاشتیخوازی رووسیای قەیسەری دەردەچێت، هەروەها ئامازە بەهێشتنەوەی دۆخی سنوورەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی وەك خۆی دەکات[3]، ئەمە نیشاندانی ستراتیجیەتی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە بوو لە خۆرهەڵات دەربارەی کوردستانی عوسمانی و گەورە نەبوونی وەك هێزێکی سیاسی و ئابووری لە داهاتوودا، کە سنوورەکانی مەترسی بۆ سەر ئیمپراتۆرییەتی روسیای قەیسەری دروستبکەن.

هاوتەریب لەگەڵ هەڵکشانی بەرژەوەندی و دەستێوەردانەکانی بەریتانی و رووسەکان، ئەڵمانەکان دەستییان بە جموجۆڵکرد، بەپێی سەرچاوە رووسییەکان هاتنەژورەوەی ئەڵمانەکان بەشێوەیەکی دیپلۆماتی لە کوردستانی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٥ دەرکەوت، کاتێ لە ویلایەتی موصڵ یەکەمین کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەیان لە ناوەندێکی گەورەی ئابووری و سیاسی کوردستانی عوسمانی بەسەرۆکایەتی ئەدگار ئەندرس کردەوە، لەهەمانکاتیشدا ناوەندی بەرێوەبردنی دوو لەسەر سێی باشووری کوردستان بوو، ئەم هاتنەناوەی ئەڵمانەکان رووسەکانی ترساند و بەسەرەتای تێکچوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عوسمانیەکان دانا، لەبەرامبەردا ئەڵمانەکان پشتگیری دەوڵەتی عوسمانیان دەکرد، بەتایبەتی لە سەرکوتکردنی ڕاپەرینی کورد لە ساڵی ١٩٠٧ لە هەرێمی دیاربەکر، بۆیە لە تەشرینی دووەمی ١٩٠٧ سکرتێری کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیا فۆن شینی ١٨٥١-١٩٣٣(Wilhelm Eduard Freiherr von Schoen)، بەناوی ئیمپراتۆری ئەڵمانی ویلهلمی دووەم ١٨٨٨-١٩١٨(Wilhelm II) لە بەرلین بە باڵیۆزی عوسمانی ڕاگەیاندبوو، کە پێویستە دەوڵەتی عوسمانی هێزەکانی لە ناوچەی ئەنادۆڵ بەهێزتر بکات و رێگا لە روسیا بگرێت بۆ ئەوەی دەستنەخاتە کاروباری ناوخۆی

---

(١ ) د.سعد بشير اسكندر: المصدر السابق، ص ٤٩-٥٠.

(٢ ) المصدر نفسه، ص ٥١.

(٣) د.م.س. لازارێف: کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧، و: د. کاوس قەفتان، بەرگی١، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٩، ل٢٩٤.

دەوڵەتەکەیان، هەر چەندە ئەڵمانەکان لە کوردستانی عوسمانی دا شتێکی ئەوتۆیان دەستنەکەوت، بەڵام لە دوارۆژدا ڕێگای بۆ بەرژەوەندییەکانیان فراوانتر کرد[1]، ئەم ململانێیە لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەوڵەتانی تری خستە ناو بازنەی ململانێکان، بەڵام پەرەسەندنە سیاسی–دیپلۆماتییەکان هاوتەریبی یەکتری کاری سەرسوڕمانی هێناکایەوە، بەتایبەتی لە سەروبەندی هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی، وەك ئەوەی لە حوزەیرانی ١٩١٤، ئەڵمانیا و بەریتانیا ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی جوگرافیای بارزگانی وشکانی لە کوردستانی عوسمانی دا کە باشووری کوردستان بۆ ئەڵمانەکان و باشووری میسۆپۆتامیا بۆ بەریتانییەکان. ئەمە سەرەتاییەك بوو بۆ ڕێکەوتنی گەورەتر، بەڵام هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی لەهەمان مانگی هەنگوینی ڕێکەوتنەکەدا بارودۆخەکەی لەباربرد.

چارەنووسی کوردستانی عوسمانی بەرەو هەڵوەشانەوە ڕۆیشت، کاتێك بیریارانی سیاسیەتی دەرەوەی بەریتانیا لە دوای دە مانگ لە هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، دەستیان بەکارکرد و ڕاپۆرتێکیان بەم ناونیشانە نووسی: (Report of the Committee on Asiatic Turkey) واتە:(ڕاپۆرتی کۆمیتەی تورکیای ئاسیایی) کە زۆرێك لە مێژوونووسان بە کۆمیتەی دی بۆنسن(De Bunsen Committee)[2] ناوزەدی دەکەن و لە حەوت ئەندام پێکهاتبوو، ڕاپۆرتەکە لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩١٥ بەشێوەیەکی کۆتایی ئامادەکرا، ئەم ڕاپۆرتە لە ژێر کاریگەریی بیروڕاکانی مارك سایکس١٨٧٩–١٩١٩(Mark Sykes) دابوو، ئەمەش بە هۆی شارەزایی و لێگەڕین و نووسینەکان و کاری دیپلۆماتی مارك سایکس لە ئیستانبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی لە ماوەی نێوان ١٩٠٥–١٩٠٦ دا، هەر خۆی پاکنووسی ڕاپۆرتەکەی بۆ بەردەم حکومەتی بەریتانیای مەزن کرد[3]. لەپێش دروستکردنی ئەم کۆمیتەیە مارك سایکس لە ئابی ١٩١٤ نامەیەکی بۆ ونستۆن چەرچڵ ١٨٧٤–١٩٦٥(Winston Churchill)ی وەزیری دەریایی ئەوکاتی بەریتانیا لەماوەی ١٩١١–١٩١٥ نارد، نووسیبووی کە ئەڵمانەکان هەوڵی بەشدارپێکردنی تورکیا بۆ شەڕی یەکەمی جیهانی دەدەن. بۆیە لەهەموو کات پێویستترە هێز بەکاربهێنین لە هەر ئەگەرێکی چاوەڕوانکراودا. ئەم نامەیە پێش دە مانگ لە

(١)د.م.س. لازارێف: کێشەی کورد ١٨٩٦–١٩١٧، ل١٧٥–١٧٨.

(٢) کۆمیتەی دی بۆنسن، لەناوی دیپلۆماتی ئینگلیز کە بە ڕەگەز پروسیایی(ئەڵمانی)یە، مۆریس دی بۆنسن، کوڕی دووەمی باڵیۆزی پێشووی پروسیایی لە لەندەن ویلیام ئێرنیست دی بۆنسن،ە. لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٨٥٢ لە دایکبووە، دەرچووی زانکۆی ئۆکسفۆرد، لە ساڵی ١٨٧٧ لەکاری دیپلۆماتی بەریتانی دەستبەکاربووە. کاری دیپلۆماتی وەك سکرتێر و کۆنسوڵی گشتی و باڵیۆزی لە وڵاتەکانی یابان، عوسمانی، فەرەنسا، پورتوگال، نەمسا کردووە لەماوەی ١٨٩١–١٩١٤ ئەنجامداوە، لە ١٩١٩ بەیەکجارەکی خانەنشین بووە، لە ٢١ی شوباتی ١٩٣٢ کۆچی دواییکردووە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم لینکە، دوا سەردان ڕۆژی ٢٠١٦/١/٣١: /www.britanica.com/biography/Maurice-de-Bunsen)

(3) Elie Kedourie: In the Anglo-Arab Labyrinth: The McMahon-Husayn Correspondence and Its Interpretations, 1914-1939, Cambridge University Press, London. 1976, P58.

دروستکردنی کۆمیتەی دی بۆنسن بوو، ئەم نامەیە سەرەتای دەستبەکاربوونی مارك سایکس بوو بۆ کێشانی نەخشە نوێیەکەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی[1].

ئەم ڕاپۆرتە چوار ئالتەرناتیڤی دیاریکرد بۆ چارەنووسی دەوڵەتی عوسمانی(تورکیای ئاسیایی) کە ئەمانە بوون: یەکەم: دابەشکردنی یەکجارەکی لەنێوان هاوپەیمانان، دووەم: دامەزراندنی هەرێمی بەرژەوەندیپارێزی هاوپەیمانان کە تەنها بەشکڵی لە ژێر دەسەڵاتی سەربەخۆیی عوسمانییەکان بێت، بەڵام لە واقیعد دەوڵەتانی ئەوروپا باڵادەستبن تێییدا، سێهەم: ئەنجامدانی چاکسازی لە تورکیای ئاسیایی لە جۆری بەڕێوەبردن، چ بەکردار بێت یان هەر شێوازێکی تر بۆ بایەخدان بە هەرێمە جیابووەکان، چوارەم: ئەنجامدانی چاکسازی سەربەخۆیانەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بۆ چەسپاندنی ناناوەندێییتی لەسەر هێڵی فیدراڵی و گەڕاندنەوەی هەرێمە کەنارخراوەکان یان هەڵوەشاوەکان[2]. بەڵام بەریتانیای مەزن بژاردەی یەکەمی لە ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ هەڵبژارد کە دابەشکردنی خاکەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (تورکیای ئاسایی) لەنێوان دەوڵەتانی هاوپەیمانی (فەرەنسا و روسیا) بوو، کە گەلانی سەر ئەم خاکانە فرەنەتەوە بوون و سەرەکیترینیان: کورد، عەرەب، ئەرمەن، جولەکە و چەرکەس و تورك، بۆ چەند هەرێمێکی جیاجیا.

بەپێی توێژینەوە نوێیەکانی بواری نەخشە مێژووییەکان، لەماوەی ئەنجامدانی گفتوگۆکانی بەریتانیای مەزن لەگەڵ روسیا و فەرەنسا بۆ دابەشکردنی خاکاکانی عوسمانی، کە دەرکەوتووە نزیکەی (٣٠) سی نەخشەی جۆراوجۆر کێشراون تایبەت بە ئایندەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هاوپێچ بەنامە و بیروڕای دیپلۆماتی و جیۆپۆلەتیکی کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ دابەشکردنی ناوچەکە کراون، لە کۆی ئەم نەخشانە حەوتیان بوون بە بنەمای دارشتنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە نێویدا کوردستانی عوسمانی بۆ سێ دەوڵەتی هەرێمی دابەشکرا[3]. ئەم نەخشانە بوون بە بنەمای دابەشکردنی خاکەکانی کوردستانی عوسمانی لەنێوان بەریتانیا و رووسیا و فەرەنسا و لە ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ دەقکران[4] بەمشێوەیە: کە هەرێمەکانی خۆرهەڵاتی رووباری دیجلە کە لە ئەرەزۆرم و وان و بەدلیس و بەشی زۆری خاکی باکووری کوردستان بۆ رووسەکان، زۆرینەی ویلایەتی موسڵ و خۆرئاوای کوردستان بۆ فەرەنسا و میسۆپۆتامیای عەرەبی بۆ بەریتانیا کە لەو بەشەیاندا بەشێکی خوارووی باشووری کوردستان دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکان[5]. هەر چەندە بەپێی

(1) Amanda L. Capern: Notes and Documents Winston Churchill, Mark Sykes and the Dardanelles Campaign of 1915, Historical Research, Vol 71, No.174. 1998, P109.
(2) Elie kedourie: Op.Cit, P58-59.
(3) Karen Culcasi: Disordered Ordering: Mapping the Divisions of the Ottoman Empire, Cartographica, Vol 49:1, 2014, P4.
(٤) بۆ زانیاری دەربارەی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ و دەقەکەی بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:
Mehrdad Kia: The Ottoman Empire, Green Wood Press, London, 2008, P176-178.
(٥) د.هیوا عزیز سعید: دابەشبوونی کوردستان و کاریگەریی لەسەر ستراتیجی ناسیۆنالیزمی کوردیی ١٩١٦-١٩٣٩، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، ژمارە (١)، بەرگی(٢) ٢٠١٦، ل ٤٣٦.

ئەم ڕێکەوتننامەیە باشووری میسۆپۆتامیا دەبوو بە بەشێکی سەرەکی لە حکومی ناڕاستەوخۆی بەریتانییەکان کە شاری کەرکوک لە خۆرهەڵاتی ئەو هەرێمە عەرەبیە ناوزەدکراوەبوو کە بەڕەنگی پەمەیی لەسەر نەخشەی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ جێگیرکرابوو[١]، ئەمە دەرخستنی ئەو حەقیقەتەیە کە دەوڵەتە گەورەکان هەمیشە پاڵپشتییەکانیان بۆ دەسەڵاتێکی عەرەبی لەشاری کەرکوک بە پەسەند زانییوە لە ئاست ئەو مافە مێژووییەی کە بۆ کورد دانراوە. لە جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیە کوردستانی عوسمانی هەڵوەشێنرابۆوە بۆ چوار پارچەی سەرەکی، بەرێوەبردنی لەلایەن سێ دەوڵەتی زلهێزی وەك روسیا و فەرەنسا و بەریتانیا، بێجگە لەمانەوەی ناوچەیەکی بەرفراوانی بێچارەنووسی وەك لە ڕانیە و ڕواندز بەرەو سەر هەڵدەکشا بە وان و بەدلیس تێدەپەڕی و دەگەیشت بە دەریای ڕەش و ئەرزنجان لە خۆرئاواکەی دەبوون[٢]، ئەم دوارۆژەی کورد مەترسی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرا لەوانە: تۆڵەی ئەرمەنییەکان لە کورد.

ئەوەی جێگای هەڵوەستەکردنە پەشیمانبوونەوەی سێر مارك سایکس، بڕیاری دارشتنەوەی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەر زوو داوای لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای مەزن کرد کە کار بەم نەخشەیە نەکرێت لە گفتوگۆکانیان لەگەڵ فەرەنسا و رووسیا، کە جۆرج کیرزۆن١٨٥٩-١٩٢٥(George Nathaniel Curzon) وەزیری دەرەوەی بەریتانیای مەزن لە یاداشتەکانیدا تۆماریکردووە و نووسیوویەتی: کاتێ بەندەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ نووسران، بێگومان ئەوانەی فەرمانیان بەمەکرد، چوواندنی وێنەیەك بە یۆتۆپیاییەکی مەحاڵ و گوزارشت لە نەهاتنەدی ئەوەی هەبوو، زۆر سەخت بوو رۆژێك لە ڕۆژان جێبەجێبێت، لەو بیروباوەڕدام ئەو شیکردنەوە سەرەکییە جێگەی دەبێتەوە کە ئەوەی هێڵەکانی نەخشەی ڕێکەوتننامەکەی کێشا خاوەنی نەزانینێکی رەق بوو، هەرچەندە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی سەرۆك وەزیران لوید جۆرج ١٨٦٣-١٩٤٥(David Lloyd George) ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆی بە گێلانەترین بەڵگەنامە هەژماریکردووە[٣]، ئەم لێکدانەوەی کاربەدەستانی ئینگلیز بوون بە ووشەی ناو یادداشتەکانیان، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەوکاتدا وەك چۆن پێشتر ئاماژەمپێکرد، کوردستانی عوسمانی هەڵوەشایەوە لەسەردەستی دیپلۆماتانی نەخشەکێش و کاربەدەستانی سیاسی و سەربازی ئینگلز لە ١٩١٦ دا. کە ئامانجی سەرەکیان ویلایەتی موصڵ بوو، کە بە پردی سەرەکی(رأس جسر)ی بەستنەوەی فراوانخوازییە سەربازی-سیاسییەکانیان بۆ ناوچەکانی کوردستان و تورکیا و ناوچەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای پشتەوەی قەفقاس و دەریای ڕەش و ئەرمێنیا دادەنا، کە دەستگرتن بە دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو[٤]. بەهەمانشێوە عوسمانییەکان لە سەدەی

---

(١) هیسەر لێهر واگنەر: کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، و: شەفیقی حاجی خدر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٥٣.

(٢) دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، کتێبفرۆشی سۆران-هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٩٩.

(٣) م.س.لازاریف: الإمبریالیة و المسألة الکوردیة ١٩١٧-١٩٢٣، ت: د.عبدي حاجي، ط٢، دار موکریاني للبحوث والنشر، أربیل، ٢٠١٣، ص٦٤.

(٤)م.س.لازاریف: الإمبریالیة و المسألة الکوردیة ١٩١٧-١٩٢٣، ص٦٤.

شانزەهەم موصڵیان بە پردی گەیشتن بە ناوچەی کەنداو دادەنا و بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ لە ژێر فەرمانڕەواییاندابوو.

کارڵ هۆفمان (Karl Hoffman) شیکردنەوەیەکی زانستی ڕەخنەگرانەی ئاڕاستەی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ و ئاماژەی بەئەگەری لەدەستدانی ویلایەتی موصڵ کردووە، کە چەند زیانێکی بۆ بەریتانیا لێیدەکەوتەوە، لەوانە: لەدەستدانی ڕێگای بەستنەوەی وڵاتی فارس و هیندستان بە ڕێگای خۆرهەڵاتییەکەیدا، لەدەستدانی ڕێگای خۆرئاوای بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست و وڵاتی مصر، کارڵ هۆفمان ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر ویلایەتی موصڵ خاوەنی نەوتیش نەبێت، ئەوا هەر بایەخی ستراتیجی بۆ بەستنەوەی هێڵی وشکانی نێوان مصر و هیندستان هەیە[1]، لەوانەیە بەریتانییەکان بیرۆکەی دامەزراندنی هێڵێیکی ئاسنینی وەك بەرلین-بەغداد لە کارنامەی دەوڵەتکەیاندا بووبێت. سەرەڕای ڕەخنەگرتن لە ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ، پێشنیازی پێداچوونەوە و پەراوێزخستنی فەرەنسا لەلایەن ئەندامێکی پارلەمانی بەریتانیا ئۆبریە هوبێرت( Obria Hubert) کرا، کە دیپلۆمات سێر فرانسیس.ل.بێرتی ١٨٤٤-١٩١٩ (Sir Francis L. Bertie)[2] بەریتانی کە باڵیۆز بوو لە فەرەنسا، ئەمەی لە ڕۆژانەی یادداشتەکانی تۆمارکردووە، کە لە سەرەتاکانی تەشرینی یەکەمی ١٩١٧ واتە لە دوای حەڤدە مانگ لە مۆرکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە ئۆبریە هۆبێرت کە لە ژێر کاریگەری سۆزی تورکە-عوسمانییەکاندابوو، پێشنیازی کرد کە بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی ناوچەکانی عەرەبی بە هاوبەشی بەڕێوەبەرن، میسۆپۆتامیا سیستەمێکی تایبەتی بۆ دابمەزرێت، ئەرمێنیا نیمچە سەربەخۆ و ناوچەی ئاسیای بچووك بۆ عوسمانییەکان دەستی لێهەڵبگیرێت[3]. تەنها مەبەست لەم پرۆژە نوێیە لەدەست دەرهێنانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەرەنسی و دوورخستنەوەی لە سنوورەکانی داهاتووی کوردستانی عوسمانی بوو، ئەمە دەرخستنی ئەو ململانێ مێژووییە کە بەریتانی و فەرەنسییەکان کێبڕکێیان لەسەر دوارۆژی دەسەڵاتیان لە سەر خاکی کوردستانی عوسمانی بوو. لەهەمانکاتیشدا بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕووسیا و دۆڕاندنی بەرەکانی شەڕی جیهانی لەلایەن ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانی و عوسمانی، هاوکێشەی ململانێی نێوان دەوڵەتە ڕکابەرەکانی ڕووسیا و بەریتانیا و فەرەنسا بە چارەنووسێکی گۆڕاو کەنارخست و پڕگاڵەکەی سایکس-پیکۆ یەکەم فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی جێبەجێکرد و دابەشی سەر سێ دەوڵەتی دەستکردی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کرد، کە هەژمونی دەسەڵاتی بەریتانی بە پلەی باڵا و

---

(١)م.س.لازاریف: الإمبریالیة و المسألة الکوردیة ١٩١٧-١٩٢٣، ص٦٤.

(٢) سێر فرانسیس.ل.بێرتی لە نووسینگەی کاروباری دەرەوەی تایبەت بە خۆرهەڵات، لە پایەی نووسەری شارەزا لە ماوەی ١٨٨٢-١٨٨٥ بۆ قۆناغی یەکەم، لە ١٨٨٩-١٨٩٤ لە قۆناغی دووەمدا کاریکردووە، دواتر وەك یاریدەدرێك لە ژێر دەستی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ١٨٩٤-١٩٠٣ کارەکانی ئەنجامداوە، لەماوەی ١٩٠٣-١٩٠٥ باڵیۆزی بەریتانیا لە وڵاتی ئیتاڵیا بووە، لە ١٩٠٥-١٩١٨ باڵیۆزی وڵاتەکەی لە فەرەنسا بوو، لە ١٩١٩ کۆچی دوواییکردووە. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم بڵاوکراوەیە: A Directory of British Diplomats; Bertie.Rt.Hon. Sir Francis L. P48.)

(٣) م.س.لازاریف: الإمبریالیة و المسألة الکوردیة ١٩١٧-١٩٢٣، ص٦٥.

فەرەنسیەکان لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، کاریگەرییەکانی بەجێهشتووە لەوانە نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانی عوسمانی، کە تا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی وەك خۆی ماوەتەوە. لە ئەگەری بەردەم دارشتنەوەیەکی مێژوویدایە لەسەدەی بیست و یەکەمدا.

**تەوەرەی سێیەم: کاریگەری دەرئەنجامەکانی هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی:**

ئاگربەستی مۆدرۆس (Mondros Mütarekesi)[1] لە ٣١ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٨ ڕاگەیێندرا، دەوڵەتی عوسمانی لە دەسەڵاتی باڵای ناوخۆیی و سەروەرییەکانی دەوڵەت بەرێوەبردن داماڵی، بەپێی ئەم ئاگربەستە دەوڵەتی عوسمانی تەنها نزیکەی (٥٠,٠٠٠) هەزار سەربازی بۆ دیاریکرا، کە لە ئاسایشی ناوخۆ و سەقامگیریدا بەکاریانبخات، لە ئاداری ١٩٢٠ واتە لە دوای ١٧ مانگ لە مۆرکردنی ئاگربەستی ئاماژەپێکراو، هێزەکانی سەرکەوتووی شەڕی یەکەمی جیهانی بە (٥٠,٠٠٠) هەزار سەرباز، شاری ئیستانبوڵی پایتەختی چوارسەد و شەست و هەشت ساڵەی(١٤٥٣-١٩٢٠)ی دەوڵەتی عوسمانی داگیر بکەن، کە تەنها (٣٠,٠٠٠) هەزار سەربازی لە سوپای بەریتانیای مەزن بوون[2]، ئەم ئاگربەستە قۆناغەکانی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی خێراتر کرد، بەتایبەتی لە نەهێشتنی سەروەری گشتی دەوڵەتی عوسمانی و بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لە کانوونی دووەمی ١٩١٩ لە پاریس، کە ئەنجامەکەی واژۆکردنی پەیمانی سێڤر لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ بوو، کە بەپێی ئەم پەیماننامەیە تەنها سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو لە باکووری ئاسیای بچووك کە ئیستانبوڵ پایتەختەکەی بێت وەکو دەوڵەتێکی بچووکراوە بۆ عوسمانییەکان دیاریکرد، لەهەمان پەیماننامەدا ئاماژە بە سنوورێکی بچووکراوەی کوردستانی عوسمانی لە باکووری کوردستان و ویلایەتی موصڵ کردبوو، کە لەدوارۆژدا ببێتە هەرێمکی خۆبەرێوەبەری(حكم ذاتيّ)، دواتر ببێتە دەوڵەتێکی چاوەڕوانکراو بەپێی جێبەجێکردنی بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ ی هەمان پەیماننامە، نەخشەکێشانی ئەم سنوورە نوێیانە سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی بوون، چونکە بەشێکی کاریگەری ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر مانداتی فەرەنسییەکان لە سوریا(خۆرئاوای کوردستان)[3]، بێجگە لە کاریگەری چواردە خاڵیەکەی سەرۆکی وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا کە لە ٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٨ لە کۆنگریسی وڵاتەکەی ڕایگەیاندبوو، کە تێیدا لەخاڵی دوانزەیەم، باس لە حوکمڕانی ئۆتۆنۆمی و دەستبەرکردنی سەروەری کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانی دانییە دابین بکرێ، هەروەها لە خاڵی چواردەیەم، زیاتر پاڵشتی نەتەوە بچووکەکان وەك چۆن بۆ

---

(١) ئاگربەستی مۆدرۆس، لە نێوان ئەمیراڵ کالثروپ ١٨٦٥-١٩٢٧(Sir Somerset Arthur Gough-Calthorpe) فەرماندەی کەشتیگەلی سەربازی بەریتانی لە دەریای ڕەش و حسێن رووف بێگ ١٨٨١-١٩٦٤، وەزیری دەریایی دەوڵەتی عوسمانی لە بەندەری مۆدرۆس دوورگەی لیمنۆسی یۆنانی لە ڕۆژی ٣١ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٨ و لەسەر کەشتی( HMS Agamemnon ) مۆرکرا، لە بیست و پێنج مادە پێکهاتبوو، بە کاتی ڕاگەیاندنی شکستی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت لە شەڕی یەکەمی جیهانی بەرامبەر بەریتانیا و فەرەنسا. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: إريك زوركر، المصدر السابق، ص ١٩٩-٢٠٠.)

(٢) المصدر نفسه، ص٢٠٨.

(٣) المصدر نفسه، ص٢١٨.

نەتەوە گەورەکان دەکات، ئەنجامەکەی ئەوەبێت لە ژێر بەستنی پەیمانێکی تایبەت بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی و یەکپارچەیی خاکی نەتەوە بچووك و گەورەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی[1]. ئەم دوو خاڵەی ویدرۆ ویڵسنی ١٨٥٦-١٩٢٤(Woodrow Wilson ) سەرۆکی ئەمەریکا بەتەواوی لە پەیمانی سێڤری بەرهەمی کۆنگرەی ئاشتی ڕەنگی دایەوە، لەکاتی بەرێوەچوونی گۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، شەریف پاشای خەندان ١٨٦٥-١٩٥١، سەرۆکی شاندی کورد لە کۆنگرەکەدا، لە رۆژی ٢٢ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٩ نامەیەکی ئاڕاستەی جۆرج کلێمنسۆ ١٨٤١-١٩٢٩(Georges Benjamin Clemenceau) سەرۆکی کۆنگرە کرد و نووسیبووی:"**پێویستیەکی مرۆڤایەتی یە، کە ئەنجوومەنی باڵا رێگە نەدات کە سەر لەنوێ گۆماوی خوێن دەستپێبکاتەوە، ڕێگەیەکی تر بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی لە کوردستاندا ئەوەیە کە ئەو وڵاتە دابەش نەکرێت بەسەر دوو ئینتدابی جیاوازدا**"[2]. ئەم نامەیە پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی سەد ساڵ دواتری دەرهەق بە مافەکانی کورد لە خاکەکانی کوردستانی عوسمانی هەڵوەشاوەی دابەشکراو بوو، کە ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی و کولتووری بە شێوازێکی نەرێنی کاریگەرییەکانی لەناو سنوورە دەستکردەکانی دوای کۆنگرەی ئاشتی ڕەگیان داکوتا.

لە کێشانەوەی نەخشەی سنوورە دەستکردەکان، کاریگەرییە سیاسییەکانی دوای هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی لە دوای بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس دەرکەوتن، کوردستانی عوسمانی بە کردار دابەشی سەر پێنج پارچە بوو، ئەم بڕیارە جێبەجێکردنی رێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ بوو، ئەو بەشەی مایەوە بریتیی بوو لە کوردستانی ناوەڕاست کە پایتەختە دەوڵەمەندەکەی ویلایەتی موصل بوو[3]، هەرچەندە بڕیارەکانی پەیمانی سێڤر بۆ کورد تەنها وشەی سەر کاغەزێکی وشکبوو بوون لەدوای کۆنگرەی ئاشتی پاریس دا، ئەمە کاریگەرییەکانی سەر چارەنووسی کوردستانی عوسمانی قورسترکرد و خاکەکەی بەکردار لەنێوان بەریتانیا گەورە و فەرەنسا و کۆماری تورکیا لە دوای ١٩٢٣ دابەشکرا، لە پێش ئەم قۆناغەدا بەکردار بەریتانییەکان سیستەمی فەرمانڕەوایی تایبەت بەخۆیان لە بەشێکی گەورەی کوردستانی عوسمانی، وەك ناوچەکانی سلێمانی لە ڕێگای بەخشینی شێوازی حوکمڕانی ناڕاستەوخۆ بەهەمان شێوازی سوود وەرگرتن لە بەرێوەبردنی هیندستان دا، دوای ئەوەی حاکمی سیاسی کەرکوك مێجەر نوئێل ١٨٨٦-١٩٤٠( Edward William Charles Noel)، شێخ محمودی حەفیدی ١٨٨١-١٩٥٦، بە حوکمداری سلێمانی و دەوروبەری لە سەرەتای تەشرینی دووەمی ١٩١٨ ڕاسپاردبوو[4]، هەرچەندە ئەم حوکمدارییە بۆ ماوەیەکی کاتی بوو، ئەنجامەکەی گەیشت بە دوورخستنەوەی شێخ محمود بۆ هیندستان تاوەکو ئەیلولی ١٩٢٢، ئەم دوورخستنەوە سیاسییەی

---

(١) هیسەر لێهر واگنەر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥-١٥٦.

(٢) د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٧.

(٣) هیسەر لێهر واگنەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

(٤) م.س.لازاریف: الإمبریالیة و المسألة الکوردیة ١٩١٧-١٩٢٣، ص٤٧.

بەریتانییەکان کە چەوسانەوەیەکی سیاسی-نەتەوەیی بەدوای خۆییداهێنا، لەهەمانکاتیشدا بوو بە نەریتێکی سیاسی لە خۆرهەڵاتدا، وەك دوورخستنەوەی میر سورەیا بەدرخان ١٨٨٣-١٩٣٨ لە خۆرئاوای کوردستان بۆ وڵاتی فەرەنسا، کە بە یەکێك لەسەرکردە کاریگەرەکانی خۆرئاوا و باکووری کوردستان دادەنرا، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تورکیا و پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندییەکانیان. سەرەڕای دوورخستنەوەی سوورەیا بەدرخان، کوردانی خۆرئاوای کوردستان بەردەوام نامەی نارەزاییان بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردووە[١]، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی کوردستان لەژێر دەستی بەریتانی و فەرەنسییەکان دووچاری وێرانکاری هاتبوو، وەك لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی سۆڤییەتیدا تۆمارکراوە، کە هێزی سوپایی بەریتانی خەڵك دەکوژن و ئاوەدانییەکان وێران دەکەن و دەنگی نارەزاییەتی خەڵك بەرزبۆتەوە، کە هەموو ئامانجێکیان لکاندنی خوارووی کوردستانە بە عەرەبستانی عێراق[٢]، بارودۆخی سیاسی لەم جۆرە دابەشبوونێکی گەورەی لە ڕووی هزری سیاسی دوارۆژی کورد لە باشووری کوردستان دروستکرد، کە دەستەبژێری یەکەم لایەنگری سیاسەتی بەریتانیا و قەبوڵکردنی ئەمری واقیع بوون، دەستەبژێری دووەمی کورد کاریگەربوون بە بزووتنەوەی کەمالییەکان، ئەم دەستەبژێرە سیاسییە شەڕی چەکداری بە زامنی سەربەخۆیی کوردستان دەزانی، هەروەها بەشێکی تریان بژاردەی حوکمی خۆبەڕێوەبەرییان بە پەسەند دەزانی لە ژێر چاودێریکردنی بەریتانییەکان[٣]. بەڵام دەستەبژێری دوایی کەمینەیەکی کەمتوانستی سیاسی-ئایینی بوون. کە هێزی سەرەکییان لە خێڵەکانی ناوخۆیی کوردستان وەردەگرت. ئەم دابەشبوونە سیاسییە، لە ڕووداوەکانی دوورمەودا دا ڕەنگدانەوەی لە دروستکردنی کولتووری سیاسی جیاواز هەبوو لەهەر بەشێکی جیاکراوەی کوردستانی عوسمانی.

ئەوەی جێگای وردبوونەوەیە لە سیاسیەتی دەوڵەتانی وەك بەریتانیا و فەرەنسا، کە بەڵێنەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و کۆنگرەی ئاشتییان لە بیرکرد، بەڵکو گەیشت بە ئاستی چەوساندنەوەی سیاسی و مافی تاکەکەسی لە بەشێکی وەك خۆرئاوای کوردستان، کە زۆرێك لە کوردانی باکووری کوردستان لەبەرجەور و ستەمی کۆماری تورکیا پەنایان بۆ خۆرئاوای کوردستان دەبرد، کە ئەوان پێیان دەگوت(بن خەت) مەبەستیان لە باشووری باکوری کوردستانە، کوردانی خۆرئاوا بە باکووری کوردستانیان دەگوت (سەرخەت)، کەواتە جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبووە لەماوەی ئامادەگی کوردستانی عوسمانی لەنێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-خێڵەکیەکانی کورد لە هەرێمەکانی سەرخەت-بن خەت دا، بەڵام لە ئەنجامی زۆربوونی ڕێژەی پەنابەرانی باکووری کوردستان، حکومەتی ئینتدابی فەرەنسی چەندین کارمەندی عەرەب بۆ قامیشلۆ و هەرێمی جەزیرە بۆ

---

(١) باسيلي نيكيتين: الكُرد دراسة سوسيولوجية و تاريخية، ت: د.نوري طالباني، تقديم: لويس ماسينيون، دار سبيرز للطباعة و النشر، دهوك، ٢٠٠٨، ص٢٩٣.

(٢) د.ئەفراسیاو هەورامی(وەرگێڕان و ئامادەکردن): کورد لە ئەرشیفی رووسیا و سۆڤیەت دا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢٧٤.

(٣) د.عبدالرحمن ادريس صالح البياتي: سياسة بريطانيا تجاه كُرد العراق ١٩١٤-١٩٣٢، بنکەی ژین لإحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠١٠، ص٢٤٨.

ئەنجامـدانی سـەرژمێری دانیشـتوان و نەبەخشـینی مـافی مانــەوە بـە پەنابـەرانی کـورد دەنێرێـت، ئەمـە ڕەنگیداوەتەوە لە بەڵگەنامەیەکی کورد-ئاسوورییەکانی خۆرئاوای کوردستان کە لە حوزەیرانی ١٩٣٢ بەواژۆی سەد کەسایەتی ئاییني و سیاسی و بازرگان و سەرۆك هۆزەکانی کورد-ئاسوور بەزمانی عوسمانی نووسراوە، لـە ڕێگـای نوێنەرایـەتی فەرەنسا لـە بـەیروت پێشکەشـی کۆمەڵـەی گـەلان کـراوە، کـە لەلایـەن کـامیران بـەدرخان ١٨٩٥-١٩٧٨ و حاجۆ ئاغای ١٨٨١-١٩٤٠، سەرۆك عەشیرەتی هـەڤێرکان نامەکە گەێنراوەتـە دەست نوێنـەری حکومـەتی فەرەنسـا، لەچوار خـاڵی سـەرەکی پێکـدێت، لـەخاڵی دووەم باسـی چەوسـانەوەی سیاسـی لەدەسـت فەرمانبـەرانی سووری دەکات، لـە خـاڵی چوارەم باسـی چەوسانەوەی ئـابووری-سیاسـی-کۆمەڵایـەتی دەکـات، هەروەها ئاماژە بە بووژانەوەی ئـابووری دەکـەن، ئەگـەر بێتـو خۆبـەڕێوەبردنێکی کـورد-ئاسـووری لـەژێر سـایەی فەرەنسییەکان بۆ هەتاهەتایە فەراهەمبکرێت، ئەم بەڵگەنامەیە بەپێی لێکدانەوەی لێکۆڵـەرانی مێـژوویی سیاسـی سوریای هاوچـەرخ، بـەداواکردنی دەوڵـەتێکی کوردۆئاسـووری لێکدەدرێتـەوە، کـە فەرنسییەکان لـەو سـەردەمدا هیچ دژایەتییێکیان لەبەرامبەریدا ڕانەگەیاندووە، چونکە وەك لە خاڵی سێیەمی بەڵگەنامەکەدا هاتووە ناوچەکانی ئەسـکەندەرۆنە و جەبـەل دروز خـاوەنی خۆبـەڕێوەبردنێکی سـەربەخۆن لــە ژێــر چـاودێرکردنی حکومــەتی فەرەنسیدا[1]، ئەمە نیشانەی هەڵسانەوەیەکی سیاسی مەدەنییە لەبەرامبەر جەور و ستەمی کارمەندانی دەوڵەتی سوری، کە کاریگەرییەکانی لە دوارۆژی خۆرئاوای کوردستان بە قووڵی جێدەهێڵێت.

لـەدوای ڕاگەیانـدنی کۆمـاری تورکیـا لـە ٢٩ی تەشـرینی یەکـەمی ١٩٢٣، بـارودۆخێکی ترسـناك و تۆقێنـەر بەرامبـەر بە کورد لـە بـاکووری کوردسـتان پـەیڕەو دەکرا، بـە قـانوون و دادگـا سـەربازییەکانی دەوڵـەتی تورکیـا تـاوانی گـەورەی ئەنجامـدرا، بەتایبـەتی دوای سـەرهەڵدانی سـێ بزوتنـەوەی شـۆڕشـگێری هاوچـەرخی کـورد لـەماوەی ١٩٢٢- ١٩٣٦[2]، ئـەم بارودۆخـەی بـاکووری کوردسـتان ڕەنگدانـەوەی تـا سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی شۆڕشـگێری چـەکداری لــە ١٥ی ئـابی ١٩٨٤ دا بــە ســەرکردایەتی پــارتی کرێکــارانی کوردســتان هــەبوو، بەهەمانشـێوە لـە باشـووری کوردسـتان بزوتنـەوەی شۆڕشـگێری نەتـەوەیی-میللیگـەرایی بەهـەردوو ئاراسـتەی چـەکداری و مــەدەنی لــەماوەی ١٩١٩-١٩٨٨[3]، خــەباتی دژ بــە چەوســاندنەوەی نەتــەوەیی و پێشـێلکردنی مافەکانی بەردەوامی هەبوو، بەڵام یەکـەم کاری ئـەم چەوسانەوەیە گۆڕینی سروشـتی دانیشتوان(دیمۆگرافیا)ی

---

(١) إيفا سافلسبيرغ و سيامند حاجو(التقديم): مذكرة أكراد سورية إلى حكومة الانتداب حزيران-تموز ١٩١٣٢، ت: فرهاد أحمي، مجلة الحوار، السنة الرابعة عشرة، العدد ٥٦، صيف ٢٠٠٧، ص٧٥-٨٨.

(٢) جرجيس فتح الله: مبحثان على هامش الثورة الشيخ عبيدالله النهري، ط٢، دار ئاراس للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠١٠، ص١٦٨.

(٣) مەبەست لەنووسینی ١٩١٩-١٩٨٨، بۆ ماوەی خەباتی چەکداری و مەدەنی دەگەڕێتەوە، بۆ شۆڕشی شێخ محمودی حەفید دژ بە دەسەڵاتی ئینگلیز لە ١٩١٩ و شۆڕشەکانی دواتر تا ساڵی ١٩٨٨، کە ئەنفال ڕوودەدات ئەوا کۆتایی خەباتی چەکدارییە لە باشـووری کوردسـتان و کشـانەوەی هێـزی شۆڕشـگێری چـەکدار بـۆ دیـوی ئێـران دەخولقێـت، خـەباتی پـارتیزانی سـنووردار دەستپێدەکات.

ناوچە سنوورییەکانی خوارووی کوردستانی نزیك بە هۆزە عەرەبەکانی عێراق بوو، سەرەڕای بەردەوامی پرۆسەی ڕاگوێزتنی کورد لە سەر زەمینی کوردستان، ئەم پرۆسەیە لەپێش هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی دەستپێکرابوو، لە بەڵگە و نووسراوەکانی سەرۆکایەتی گشتیی کاروباری ڕاگوێزتن لە دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩١٥ نزیکەی (٧٠٠,٠٠٠) حەوتسەد هەزار کەس بۆ خۆرئاوای ئەنادۆڵی تورکنشین ڕاگوێزرابوون [(١)]، بەهەمانشێوە لەدوای سەرکوتکردنی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، کۆمەڵێکی زۆری دانیشتوانی شار و گوندەکانی باکووری کوردستان لە خۆرهەڵات و باشووری تورکیا بەرەو خۆرئاوای ئەنادۆل و ناوچە تورك نشینەکانی تر کۆچپێکران، لەماوەی ١٩٢٦-١٩٣٤ سێ یاسای نیشتەجێکردنی بە زۆرەملێ لە تورکیا دەرچوون لەوانە:(یاسای ئیسکانی ٣١ی نیسانی ١٩٢٦ ژمارە: ٨٨٥، یاسای ١٠ حوزەیرانی ١٩٢٧ بە ژمارە: ١٠٩٧، یاسای نیشتەجێ بوونی زۆرەملێ ١٣ حوزیرانی ١٩٣٤ بە ژمارە: ٢٥١٠) ئەم یاسایانە بۆ ڕامالینی چڕی دانیشتوانی ناوچەکانی کوردنشین بۆ نیشتەجێکردنی تورکەکان دەرچووبوون، هەروەها نیشتەجێکردن کورد لەناوچە تورکنیشنەکان بەشێوەیەکی بەربلاو بۆ ئەوەی نەتوانن لە یەك شوێندا کۆببنەوە[(٢)]، هەموو مەبەستێك تەنها جێبەجێکردنی سیاسەتی (پەرتی بکە و زاڵبە). ئەم جۆرە لە بەیاساییکردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆچپێکردن بەکاریگەرترین چەوسانەوەی دوای هەڵوەشانەوەی کوردستانی عوسمانی بوو لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و نەمانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی. لەهەمانکاتیشدا کاریگەری گەورەی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵی کوردەواری دروستکرد، کە بەدوای خۆییدا چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی-کولتووری هێنا، بەتایبەتی لە خوێندنەوەی بەسەرهاتی ئەو کەسانەی کە بۆ خۆرئاوای ئەنادۆڵ دوورخرابوونەوە، لەهەمانکاتیشدا جۆرێك لە لکاندنی سوکایەتی بەکەساییەتی تاکی کورد هاتە نێو کایەی کۆمەڵی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان، کاتێك کە بە زۆرەملێ هەندێ لە دانیشتوانی کوردستان دووردەخرێنەوە، هەندێ لە تورکەکان پێیان دەڵێن: ئێوەی کورد وەك ئاژەڵ کلکدارن، ئەوانەی ئەم بەسەرهاتانە دەگێڕنەوە ئاماژە بە وێناکردنی مرۆڤ کورد دەکەن کە چۆن دەسەڵاتدارانی تورکیا بەهەموو شێوازێك کاریان بۆ قێزەونکردن و ڕامالینی جوانییەکانی کۆمەڵی کوردەواری کردووە[(٣)]. چونکە تورکەکان زۆر بەلایانەوە سەیربوو مرۆڤی کورد وەك ئەوانە..! بێجگەلەوەی دەسەڵاتی ئینگلیز لە باشووری کوردستان، بەشێوازێکی تایبەت کاری لەسەر دوورخستنەوەی ڕووناکبیرانی کورد و ئەفسەرە کوردە عوسمانییەکان کرد، لەئەنجامی دامەزراندنیان وەك فەرمانبەری دەوڵەت، بۆ ئەوەی لە ناو کۆمەڵی کوردەواری دابڕێن و پەیوەندییان بەسەرکردە خێڵەکی و

(١) شازادە سوورەیا بەدرخان: کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا، و: ئەحمەدی قازی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٤٧.

(٢) شێخمووس دیکەن: دووخراوەکانی ڕاپەرین، و: فەیزوڵڵا برایم خان، چ٣، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بیر، دیاربەکر، ٢٠٠٧، ل١٥.

(٣) بۆ خوێندنەوەی بەسەرهات و شێوازی کۆچپێکردنی کوردانی باکوور، بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

شێخەکانەوە نەمێنێت لەمەترسی دروستکردنی بزوتنەوەی شۆرشگێری دژ بە دەسەلأتی ڕەهایان لە باشووری کوردستاندا[1]. ئەم کولتووورە سیاسییە لە دابەشکردن و دوورخستنەوەی دەستەبژێرەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەیەکتری بوو بە نەریتێکی کاریگەر لە سالأنی دوای دەسەلأتی ئینگلز لە باشووری کوردستان، کە لەلایەن دەسەلأتدارانی بەغدا جێبەجێدەکرا.

بۆ ڕوونکردنەوەی مێژوویی-کۆمەڵناسی لەسەر ئەم بارودۆخە و دروستبوونی دەوڵەتە نوێیەکانی وەك: عێراق، سوریا و تورکیا، ئەوا لە لێکدانەوەی توێژەر (دکتۆر عەبباس وەلی) بۆ بارودۆخی دوای هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی دەنووسێت: "**لەرووی تیۆرییەوە دەسەلأتی سیاسی ئەم دەوڵەتە نوێیانە دەستووری و دیموکراتی بوون" ...بەلأم بەرەنجامی پرۆسەی کولتووری و سیاسییان زۆر جیاوازبوو...هەویەتی دەوڵەتە نوێیەکان و یەکێتییە درۆیەکەیان لەگەڵ نەتەوەکانیان بەهێزی سەربازی و ئایدۆلۆژییە رەسمییە-نەتەوەکانیان تەزویرکراوە، پڕۆسەی سینترالیزمی خاکئامێز کە دوا بەدوای دامەزرانی ئەم دەوڵەتانە هاتە کایەوە، ئەوەی دابینکرد کە حەزی بەرجەستەکراوی گەل لەناو دەسەلأتی تەشریعی و جێبەجێکردندا لەسەرانسەری خاکی دیاریکراویاندا بەیەك شێواز و بەبێ هەڵگەڕانەوە و ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ پیادەکراوە. بەلأم دەوڵەتە نوێییەکان هەر زوو دەرکیان بەوەکرد کە بەجێهێنانی داواکارییە مۆدێرنەکانیان لەمەڕ دەسەلأت و قانووندا پێویستی بە زیاتر لە کۆنترۆڵێکی کاریگەرانە هەیە بەسەر خاکی دانپیاهێنراوی "نەتەوەییاندا" مۆدێرنێتی شوێنی ترادیسیۆنالی بەهێزی سیاسی لەقکرد"**[2]. ئەم سیاسەتی ناوەندگەرایی دوای هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی کە بەهێزی چەکداری دەوڵەت-خێڵەکی جێبەجێدەکرا بەردەوامی هەبوو، کە درێژکراوەی هەمان سیاسەتی رۆژگاری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦-١٩٠٩، بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شۆرشەکانی باکوری کوردستان، دەوڵەتی تورکیا هێزی چەکداری خێڵەکی بۆ سەرکوتکردنی شۆرشەکانی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، شۆرشی ئارارات ١٩٢٧-١٩٣١، شۆرشی دێرسیم ١٩٣٦- دروستکرد ١٩٣٨، ئەم سیاسەتە کە لەسێ بەشەکەی کوردستانی عوسمانی لەلایەن سێ دەوڵەتە نوێیەکانی ئامازەپێکراو جیبەجێدەکرا ئامانج بە میلیتاریکردنی کۆمەڵی کوردەواری و لەڕەگ دەرهێنانی هەستی کوردایەتی بوو[3] کە سەرچاوەی بزووتنەوەی شۆرشگێری چەکداری-مەدەنی بوو. کە کاریگەرییەکانی لە کەسێتییەکی دیاری نێو بزوتنەوەی کوردایەتی کە سی و حەوت ساڵەی تەمەنی لەم ڕێگایەدا بەخشیبوو، وەك: دکتۆر محەممەد شوکری سەگبان ١٨٨١-١٩٦٠، دەرکەوت، کاتێ نامەی پەشیمانبوونەوەی لە بزوتنەوەی شۆرشگێری و مەدەنی لەشێوەی کتێبێکدا لە ١٩٣٣ بلأوکردەوە، ئامارە دەکات **دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی دەبێتە کارەساتێك و بەلأیەك بۆ سەر قازانجی**

---

(١) جرجيس فتح الله: المصدر السابق، ص ١٧٣-١٧٤.

(٢) فريد هاليداي و آخرون: الإثنية والدولة الأكراد في العراق وإيران وتركيا، ت: عبدالإله النعيمي، الفرات للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦، بغداد-بيروت، ص٩٢-٩٣.

(٣) المصدر نفسه، ص٢٢٦-٢٢٧.

**ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد**[1]، ئەم تێکشکانە کولتورییە-کۆمەڵایەتییە لە ئەنجامی سەرکوتکردنی بزووتنەوەکانی چەکداری و مەدەنی لە کوردستان بەهەموو شێوازێکی چەکداری سەرکوتکار بەچەکی مۆدێرن و نوێباوی ئەوکات بوو، کەسایەتێکی لەم چەشنە لەناخیدا پەرتەوازە و تێکشکاوی دەروونی بووە، بەم دوو دێرە ئارامناگرێت، کاتێك ئاماژە بەوە دەکات کە خۆی بە دوو دەگرێت لە لێکدانەوە و حکومدانی لەسەر قسەکانی پێشووی و بەسەر خۆیدا فەرز دەکات کە شاراوە بێت و لەهەموو چەشنە بەدحاڵیبوونێك خۆی بەدووربگرێت، سەبارەت بە پرسی کوردبوونی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی[2]، ئەمە دوا پلەی سڕبوونەوەی کەسێتی کوردە لە دوای هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی، کە کاریگەرییەکانی دروستبوونی ئەمجۆرە لە کەسایەتی تاکی کورد، بەرئەنجامی ریشەکێشکردنی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستانی عوسمانی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بوو و تا ئیستا بەردەوامی هەیە.

ئەم سیاسەتی ریشەکێشکردنەی هەمە چەشنە لە عێراق و تورکیا سەریهەڵنەدا، بەڵکو لە خۆرئاوای کوردستان دەسەڵاتدارانی ئینتدابی فەرەنسی هەنگاوی گەورەییان دەستپێکرد بەرەو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی خۆرئاوای کوردستان، بەتایبەتی لەناوچەکانی قامیشلۆ و حەسەکە کەوتنە هاندانی عەرەب و چەرکەس و ئەرمەن و یاقوبیی، کاسۆلیکیە ئاسوورییەکان بۆ جێگیربوون و کارکردن لە کشتوکاڵی و زیادکردنی بەرهەمەکانی وەك سەرچاوەیەکی ئابووری لە گوندەکانی جەزیرە دا، شارەکانی عامودا و قامیشلۆ بوونە ناوەندی بازرگانی کشتوکاڵی، بەڵام هاندانی فەرەنسییەکان لەم بارودۆخەدا بۆ هاوسەنگکردنەوەی هێزی میللی-خێڵەکی لەنێوان هۆزە کورد و عەرەبەکاندا بوو، بەتایبەتی لەناوچەی جەزیرە، کە بۆماوەی سەدان ساڵ ململانێیەکی گەورە لەنێوانیاندا هەبوو، بەتایبەتی لەنێوان کۆنفیدراسیۆنی کوردە میللیەکان و هۆزی گەورەی عەرەب شەممەرییەکان[3]. ئەمجۆرە لە سیاسەتی هاوسەنگکردنەوەی هێزی خێڵەکی-نەتەوە جیاواز، لەداهاتووی ڕووداوەکان و گۆڕینی سروشتی دانیشتوان لە خۆرئاوای کوردستان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کاریگەرییە قووڵەکانی لە دروستکردنی پشتێنەی عەرەبی(الحزام العربی)، بەچواردەوری ناوچە کوردنشینەکانی خۆرئاوا کوردستان ڕەگیان داکوتا.

کاریگەرییەکانی هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی چەندین هاوپەیمانییەتی سیاسی و سەربازی لەنێوان وڵاتانی داگیرکاری کوردستانی عوسمانی هێنایەکایەوە، تەنها لەماوەی ١٩٢٦-١٩٧٨ لەنێوان عێراق و تورکیا و ئێران، هەریەك لەم دەوڵەتانە بەشێوازی هاوپەیمانییەتی دووقوڵی و سێ قۆڵی نزیکەی ١٨ تا ٢٠

(١) د.شوکری محەمەد سەگبان: پرسی کورد کێشەگەلی کەمینە نەتەوەکان، و: د.نەجاتی عەبدوڵڵا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل٥٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٥٥.

(٣) د.وەدیع جوەیدە: جولانەوەی نەتەوەیی کورد بنەما و پەرەسەندنی، و: د.یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣١٦-٣١٧

ڕێکەوتننامە و پرۆتۆکۆڵ و بەڵێننامە لە نێوانیان واژۆکراوە[1]، کە زۆربەیان ڕەهەندی سیاسی و سەربازی و ئابوورییان هەیە، بەشێکی زۆرییان هەتا بە ڕێکەوتننامەی سەعد ئاباد لە ١٩٣٧ کە دەوڵەتانی پشت سنوورەکانی کوردستانی عوسمانی لە خۆگرتبوو، ئامانجی سەرەکییان سەرکوتکردنی هەر بزووتنەوەیەکی شۆرشگێری چەکداری نەتەوەیی کورد بوو، ئەگەر سەرهەڵبدات بە ڕیشەکێشکردنی لەهەناوی کۆمەڵی کوردەواری وەلامبدرێتەوە، ئەمە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دوای شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بوو، بەلام لە ئاستی ناوخۆییدا کە دەستووری دەوڵەتانی عێراق بەشێوەیەکی سەرەتایی دانی بە بوونی کورد دەنا، لە سووریا کوردی بە میوانی دەوڵەتەکەی لە قەڵەمدەدا، بە تایبەتی لە تورکیا لە دەستوورەکانی ١٩٢٤ و ١٩٦١ و ١٩٨٢ هیچ مافێکی بنەڕەتی بۆ کورد تا ئەمرۆ فەراهەمنەکردووە[2]، ئەم بارودۆخە و جێگیرکردنی لە یاسا و دەستوورەکانی دەوڵەتانی داگیرکاری سەرخاکی کوردستانی عوسمانی کاریگەری نەرێنی گەورەی بەجێهێشت لەسەر دوارۆژی کوردستان. یەکێ لە کاریگەرییەکانی، لە شۆرشەکانی سەرخاکی کوردستانی عوسمانی ڕەنگبداوەتەوە و مافی بچووکتر لە ئاستیی نەتەوەییدا داوابکرێت، وەك: حوکمی خۆبەڕێوەبەری و فیدڕاڵی ناتەواو کە سەرئەنجامەکەی هاتنەکایەی نەتەوەخوازییەکی لۆکاڵی سنووردار بوو[3]، هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی کاریگەری لەسەر کولتووری سیاسی–ناسیۆنالیزمی کورد خوڵقاند، کە لە ژێر هەژموونگەرایی کولتووری دەوڵەتانی داگیرکاری تورك و فارس و عەرەب ببێتە کولتووری ژمارە دوو، لەهەمانکاتدا ژێردەستە و پەراوێزخراو لە ژێر کولتووری بالادەست ڕەنگدانەوە لەسەر هزری سیاسی–ناسیۆنالیزمی کورد بەتایبەتی لە پشتکردنە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ کولتووری زاڵی داگیرکەران[4]، کە ئەمە بەڕای هەندێ لە توێژەران بە ئامادەبوونی دەسەلاتی داگیرکەران لە کوردستان و ئامادەنەبوونی کورد بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەلاتی داگیرکەران[5]، مانەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی بوون بە ڕەگی قووڵبوونەوەی کێشەی چارەسەرنەکراوی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کولتووری و مەسەلەی خاك، وزە و داراییی هاتۆتەسەری و کوردانی کوردستانی عوسمانی لە (باکوور–باشوور–خۆرئاوا) لەهەنگاوی گەورەدان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی دوای پارچەکردنییان بۆ سێ بەشی زۆر ستەملێکراو.

---

(١) سالح هەرکی(ئامادەکردن و وەرگێڕان): بەشێك لە پەیمانەکانی دژی کورد، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٦٤–٢٣١.

(٢) د.جبار قادر: قضايا كردية معاصرة كركوك–الأنفال–الكرد و تركيا، دار ئاراس للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠٠٦، ص٢٣٣–٢٥٧.

(٣) د.هیوا عزیز سعید: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥١.

(٤) د.ڕفیق سابیر: کولتوور و ناسیۆنالیزم، چ٣، لە بلاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٥٦.

(٥)عەتا قەرەداغی: کاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٢٧–١٢٨.

**ئەنجام:**

**یەکەم:پێگەی ستراتیجیی ئابووری و سەربازی و سیاسی و کولتووری و ئایینیی کوردستانی عوسمانی لە هۆکاری سەرەکی بوون، بۆ نزیکبوونەوەی دەوڵەتانی زلهێزی وەك بەریتانیا و رووسیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا، بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندی داهاتوویییان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کوردستانی عوسمانی وەك پردێك بۆ بەرژوەندی دەوڵەتانی ئامارژە پێکراو سەیردەکرا و بەکاردەهێنرا، بەتایبەتی لەسەرەتای سەدەی بیستەم.**

**دووەم:هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی کەوتە ناو چارەنووسی داڕشتنەوەی جیهانی نوێ و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بۆ ئەم کارە بەریتانییەکان و دامەزراوەکانی نزیکەی (٣٠) سی نەخشەیان ئامادەکرد بۆ داڕشتنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانیان و (٧ )حەوت نەخشەیان هەڵبژارد و بەریتانیا لە گفتوگۆکانی لەگەڵ فەرەنسییەکان و رووسەکان سوودی لێوەرگرتن، بەڵام پڕگاڵەکەی مارك سایکس لەهەموویان بە هێزتربوو، پشکێکی باشی بۆ دەوڵەتی بەریتانیا دابڕی و لەنێویدا کوردستانی عوسمانی هەڵوەشاندەوە.**

**سێیەم:ململانێی دەوڵەتان کاریگەری بەهێزی هەبوو لە گرەوکردن لە سەر دوارۆژی خاکەکانی کوردستانی عوسمانی، بەتایبەتی دوای گەڕان و پشکنینی کۆمپانیاکانی نەوت، کە ململانێکان بۆ دوو ئەوەندەی جاران خێراتر و گەورەتر بوون، بۆئەوەی هەرچی زووە دەست بەدابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی بکەن، بەتایبەتی بەشە ئاسیاییەکەی، چونکە خاوەنی وزەییەکی گەورەی نەوت بوو لەوکاتەدا و خەمڵاندنی گەورەی بۆ دەکرا، بۆیە دابەشکردنی کوردستانی عوسمانی کاریگەرییە قووڵەکانی زۆرتربوون، لەبەرئەوەی ململانێکانی سەر ئەم وزەییە دەوڵەتانی زلهێزی وا لێکردبوون کە بە ئاسانی دەستبەرداری نابوون، بەڵکو بوو بە هۆکاری بەهێزی داگیرکارنی کوردستان بۆ ئەوەی بەهەموو شێوازێك بارودۆخی کوردستان بە پێشکەوتووترین چەك دەورەی بدەن و هەموو شۆرش و بزووتنەوە مەندەنییەکانی سەرکوتبکەن.**

**چوارەم:بەشبەشکردنی کوردستانی عوسمانی کاریگەری قووڵی لە پەرتەوازەبوونی رۆحی نەتەوەیی و دورخستنەوەی تاکەکانی پێشووری سەرخاکەکەی دروستکرد، بەتایبەتی دەستەبژێرانی کوردی عوسمانی لە پایتەخێکی وەك ئیستانبوڵ یەکترییان ئەبینی و گروپی فشاربوون لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمە شکست هێنان بوو بە رێنیسانسی بیری نەتەوەی کورد کە لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بووژانەوە و گەشەیەکی یەکجار گەورەی بەرهەمهێنابوو، لەوانە شۆرشی چەکداری–نەتەوەیی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨٠و دەرچوواندنی رۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە ١٨٩٨ و بڵاوکردنەوەی لە کوردستانی عوسمانی و ئیستانبوڵ.**

**پێنجەم:کاریگەری کولتووری و کۆمەڵایەتی لە بەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی هاتەکایەوە، جیاوازی کولتووری نێوان پارچەکانی نێو کوردستانی عوسمانی ساڵ بە دوای ساڵ زیاتر دەبوون، بەتایبەتی لە دوو قۆناغ و لەدوو سیستەمی جیاواز کاری لەسەرکراوە، وەك قۆناغی داگیرکاری فەرەنسی و**

بەریتانی لە باشوور و خۆرئاوای کوردستان، سیستەمی جیاوازی دەوڵەتی عێراق، سوریا و تورکیا، ئەم بارودۆخە وایکردووە دیالێکتەکانی زمانی کوردی قورسایی لەیەکترتێگەیشتن دروستبکات لە نێوان تاکەکانی پێشووی کوردستانی عوسمانی، بۆ ئەوانەی بەهەر لە دیاێکتێکی جیاواز دەخوێنن و دەنووسن. ئەمەش جیاوازی کولتووری قووڵتری خوڵقاند.

شەشەم:ئابووری کوردستان لە ڕەگەوە پاشکەوتووکرا، خاك بەهۆی بزووتنەوە شۆرشگێرە بەردەوامەکان لە کوردستان سووتێنران، لەهەموو بەرهەمێکی کشتوکاڵی ڕاماڵران، گوندەکان سووتێنران، بەهەزاران دەستی کار و پیشەکاری بەتوانا ناوچە کوردنشین و شارە بچووکەکانی کوردستانیان بۆ پایتەختی وڵاتە داگیرکارەکان بەجێهێشت. ئەمە ڕەنگدانەوەی لە بێهیزبوون و پاشکەوتنی ئابووری کوردستان، کە لەلایەك کاربکاتە سەر خۆبژێوی خەڵکی کوردستان، لەلایەکی تر هەموو کاتێك کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی ئاسایشی خۆراکدا بێت.

حەوتەم: دابەشکردنی کوردستانی عوسمانی، جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆ بوو، کە لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوو کاریگەری نەرێنیی بەسەر تاکی کورد و هەستی کوردبوونی دروستکرد، ڕێکەوتننامەیەك بوو، سنوورەکانی بە ڕێکەوتننامە و پرۆتۆکۆڵی لێتێگەیشتنی دیپۆماتییەتی سەربازی-سیاسی پتەوکران و بەتوندترین شێوەی وەڵامی پەیوەندیگرتنی نێوان پارچەکانی کوردستانی عوسمانی دەدراییەوە، کە ئەمە واییکرد هەر بەشێك لە کوردستانی عوسمانی پێشوو، ببێتە خاوەنی کولتوور و خوێندن و نووسینی ڕێنووسی جیاواز و دیدی جیاواز لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەهەر یەك لە پارچەکانی کوردستان. تاکی بەرهەمهێنا کە هەر زوو باوەڕی بە مێژوو و بەرگری نەتەوەکەی نەمێنێت و خۆی دووربگرێت لە تورەکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەوڵەت داگیرکارەکان.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:**

**أ-بە زمانی عەرەبی:**

**١-إيفا سافلسبيرغ و سيامند حاجو(التقديم): مذكرة أكراد سورية إلى حكومة الانتداب حزيران-تموز ١٩١٣٢، ت: فرهاد أحمي، مجلة الحوار، السنة الرابعة عشرة، العدد ٥٦، صيف ٢٠٠٧.**

**ب-بە زمانی ئینگلیزی:**

1-A.B. Cunningham: The Early Correspondence of Richard Wood 1831-1841,The Royal Historical Society, London, vol3, 1966.

**دووەم: ساڵنامەکانی عوسمانی(ویلایەتی موصڵ):**

**١- موصل ولايتى سالنامەسى ١٣١٢هـ-١٨٩٤م, مكتوبي ولايت عرفتلو صادق أفندي، موصل ولايتى مطبعسندە باصلمشدر، ص ٣٣٥.**

**سێیەم: پەرتوك (بەزمانی کوردی):**

**١-د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: کوردستان لەسەردەمی ئاشتیدا، و: موحەمەد نوری تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.**

**٢-د.ئەفراسیاو هەورامی(وەرگێڕان و ئامادەکردن): کورد لە ئەرشیفی رووسیا و سۆڤیەت دا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.**

**٣-د.ئیبراهیم عەلاوی: ئاڵوگۆڕ/بەرلین-بەغداد، و: د.شێرکۆ عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دوارۆژ بۆ روناکبیری و ڕاگەیاندن، سلێمانی، ٢٠١٥.**

**٤-پ.ی.ئەڤیر یانۆڤ: کورد لە جەنگی روسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، و: د.ئەفراسیاو هەورامی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٤.**

**٥-حسین مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگ١، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.**

**٦-دیڤید مەکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، کتێبفرۆشی سۆران-هەولێر، ٢٠٠٥.**

**٧-د.رفیق سابیر: کولتوور و ناسیۆنالیزم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.**

**٨-زەکی ساڵح: ریشەی کاریگەرییەکانی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا، و: کامیل محەمەد قەرەداغی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.**

**٩-ساڵح هەرکی(ئامادەکردن و وەرگێڕان): بەشێك لە پەیمانەکانی دژی کورد، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٨.**

١٠-د.سەعدی عوسمان هەروتی: سنووری خوارووی کوردستانی باشوور لەسەدەی نۆزدەهەمدا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

١١-شازادە سوورەیا بەدرخان: کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا، و: ئەحمەدی قازی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

١٢-شەمسەدین سامی: کورد و کوردستان، و: ئەحمەد تاقانە، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

١٣-شوکری محەمەد سەگبان: پرسی کورد کێشەگەلی کەمینە نەتەوەکان، و: د.نەجاتی عەبدوڵڵا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.

١٤-شێخمووس دیکەن: دووخراوەکانی ڕاپەڕین، و: فەیزوڵڵا برایم خان، چ٣، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بیر، دیاربەکر، ٢٠٠٧.

١٥-عەتا قەرەداغی: کاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٦-د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٥.

١٧-محەممەد ئەمین زەکی بەگ: خوڵاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان، بەرگ٤، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٨-د.م.س. لازارێف: کێشەی کورد ١٨٩٦-١٩١٧، و: د. ماوس قەفتان، بەرگی١، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٩.

١٩-نەجاتی عەبدوڵڵا: کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی-فارسی ١٦٣٩-١٨٤٧، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.

٢٠-هاڕۆڵد وێڵسن: سەرۆك وەزیرەکانی بەریتانیا، و: ئاوات عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٢١-هیسەر لێهر واگنەر: کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، و: شەفیقی حاجی خدر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٣.

٢٢-د.وەدیع جوەیدە: جولانەوەی نەتەوەیی کورد بنەما و پەرەسەندنی، و: د.یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨.

**چوارەم: پەرتوك (بە زمانی عەرەبی):**

١-أ.ج.ب. تایلور: الصراع علی سیادة أوروبا ١٨٤٨-١٩١٨، ت: فاضل جتكر، الكلمة و المركز الثقافي العربي، بیروت، ٢٠٠٩.

٢-احمد داود أوغلو: العمق الاستراتيجي موقع تركيا و دورها في الساحة الدولية، ت: محمد جابر ثلجي و طارق عبدالجليل، مراجعة: بشير نافع و برهان كوروغلو، الدار العربية للعلوم ناشرون و مركز الجزيرة للدراسات، بيروت، ٢٠١٠.

٣-د.أحمد محمد أحمد: اكراد الدولة العثمانية ١٨٨٠-١٩٢٣، دار سپيريز للطباعة و النشر، دهوك، ٢٠٠٩.

٤-إريك زوركر: تاريخ تركيا الحديث، ت: د.عبداللطيف الحارس، مراجعة: سعد ضاروب، دار المدار الاسلامي، بيروت، ٢٠١٣.

٥-باسيلي نيكيتين: الكُرد دراسة سوسيولوجية و تاريخية، ت: د.نوري طالباني، تقديم: لويس ماسينيون، دار سبيرز للطباعة و النشر، دهوك، ٢٠٠٨.

٦-بيتر مانسفيلد: تاريخ الشرق الأوسط، ت: أدهم وهيب مطر، النايا للدراسات و النشر و التوزيع، سورية-دمشق، ٢٠١١.

٧-د.جبار قادر: قضايا كردية معاصرة كركوك-الأنفال-الكرد و تركيا، دار ئاراس للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠٠٦.

٨-جرجيس فتح الله، مبحثان على هامش الثورة الشيخ عبيدالله النهري، ط٢، دار ئاراس للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠١٠.

٩-روبرت أولسون: تاريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠-١٩٢٥، ت: أحمد محمود خليل، دار الفارابي، بيروت، ٢٠١٣.

١٠-د.سعد بشير اسكندر: من التخطيط إلى التجزئة، سياسية بريطانيا العظمى تجاه متسقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣، من منشورات بنكەی ژین لإحياء التراث الوثائقي و الصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠٠٧.

١١-د.عبدالرحمن ادريس صالح البياتي: سياسة بريطانيا تجاه كُرد العراق ١٩١٤-١٩٣٢، بنكەی ژین لإحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي، السليمانية، ٢٠١٠.

١٢-د.عثمان علي: الحركة الكردية المعاصرة، ط٣، التفسير للنشر و الاعلان، أربيل، ١٤٣٢هـ-٢٠١١م.

١٣-د.فاضل بيات: الدولة العثمانية في المجال العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧.

١٤-فريد هاليداي و آخرون: الإثنية والدولة الأكراد في العراق وإيران وتركيا، ت: عبدالإله النعيمي، الفرات للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦، بغداد-بيروت.

١٥-م.س.لازاريف: الإمبريالية و المسألة الكوردية ١٩١٧-١٩٢٣، ت: د.عبدي حاجي، ط٢، دار موكرياني للبحوث والنشر، أربيل، ٢٠١٣.

١٦-هۆگر طاهر توفيق: الكُرد والمسألة الأرمنية ١٨٨٧-١٩٢٠، دار اراس للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠١٢.

پێنجەم: سەرچاوە (بە زمانی ئینگلیزی):

1-Donald Quatarat: The Ottoman Empire1700-1922, Second Edition, Cambridge University Press, Cambridge 2005.

2-Elie Kedourie: In the Anglo-Arab Labyrinth: The McMahon-Husayn Correspondence and Its Interpretations, 1914-1939, Cambridge University Press, London

3-Mehrdad Kia: The Ottoman Empire, Green Wood Press, London, 2008.

شەشەم: گۆڤارە زانستییەکان:

أ–بەزمانی کوردی:

١–د.هیوا عزیز سعید: دابەشبوونی کوردستان و کاریگەریی لەسەر ستراتیجی ناسیۆنالیزمی کوردیی ١٩١٦–١٩٣٩، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، ژمارە (١)، بەرگی(٢)، ٢٠١٦.

ب–بەزمانی ئینگلیزی:

1-Amanda L. Capern: Notes and Documents Winston Churchill, Mark Sykes and the Dardanelles Campaign of 1915, Historical Research, Vol 71, No.174. 1998.

2-Karen Culcasi: Disordered Ordering: Mapping the Divisions of the Ottoman Empire, Cartographica, Vol 49:1, 2014.

حەوتەم: بڵاوکراوەی دیپلۆماتی:

1-A Directory of British Diplomats, Colin Mackie 2013, Updated 11 February 2016.

هەشتەم: نەخشەکان(الخرائط):

١–خارطة مستخدمة لولايات المملكة العثمانية في اسيا، مطبعة اميركان، بيروت ١٨٩٣.


نۆیەم: وێبسایتی ئەلیکترۆنی:

1-www.my.raex.com.

2-www.britanica.com.

**پاشكۆی ژماره(١)**

**كوردستانی عوسمانی له‌ نه‌خشه‌ی ئاسیایی عوسمانی ١٨٩٣**



**سه‌رچاوه: خارطة مستخدمة لولايات المملكة العثمانية في اسيا، مطبعة اميركان، بيروت ١٨٩٣.**

## پوخته

کوردستانی عوسمانی یەکێك لە ناوەندەکانی ململانێی زلهێزەکانی ڕۆژگاری سەدەی نۆزدەهەم بوو، بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا و روسیا و ئەڵمانیا و نەمسا، بەڵام کاریگەری ئەم ململانێیە بۆ جێگیرکردنی بەرژەوەندییە هەمیشەییەکانیان بوو بە سەرەتای جیاکردنەوەی کوردستانی عوسمانی لە هەژموونگەرایی عوسمانی و قاجاری، کە بۆ ماوەی سێەد ساڵ بەردەوامی هەبوو، قۆناغی کلاسیکی ململانێی دوو ئیمپراتۆرییەتی خۆرهەڵاتی کۆتایی پێهات، بەتایبەتی دوا هاتنە ناوەوەی فەرەنسییەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بۆ خاکەکانی عوسمانی، شەڕەکانی عوسمانی-روسی لە ١٨٢٨-١٨٢٩، سەرەتای دابڕینی خاکی کوردستانی عوسمانی بوو تا گەیشت بە ساڵانی ١٨٧٧-١٨٧٨ و شەڕی یەکەمی جیهانی، بەریتانییەکان یارمەتیدەری سەپاندنەوەی دەسەڵاتی ناوەندێتی عوسمانییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم و رووخاندنی میرنشینە کوردییەکانی عوسمانی، دنەدانی خێڵە کورد و ئەرمەنییەکان بۆ بەرپاکردنی شەڕی داهاتوویان بۆ مەبەستی هاتنەناوەوەی وڵاتانی زلهێز بۆ کوردستانی عوسمانی بەتایبەتی لەلایەن رووس و ئینگلیز و فەرەنسیەکان، ئەم شەڕ و ململانێیە سەریکێشا بۆ داڕشتنەوەی چارەنووسی کوردستانی عوسمانی لە کاتی نەخشەکێشانەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، کە کاریگەری گەورەی لەسەر دوارۆژی کورد لە دەوڵەتە هەرێمییەکانی دەستکردی دوای کۆنگرەی ئاشتی و پەیمانی لۆزان دروستکرد، ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و خوێندەواری و کولتووری کوردستان لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەبوو، لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی عوسمانی کە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس-پیکۆی ئایاری ١٩١٦ بوو، کە لە نێوان بەریتانیای مەزن و روسیای قەیسەری و فەرەنسادا بەنهێنی مۆرکرا.



کلیلیی وشەکان: سایکس- پیکۆ، کوردستانی عوسمانی، دەوڵەتی عوسمانی، بەریتانیا، فەرەنسا، روسیا، شەڕی یەکەمی جیهانی.



## ملخص البحث

إن كوردستان العثمانية هي إحدى المراكز من الصراع في القرن التاسع عشر، وعلى وجه الخصوص بين بريطانيا، فرنسا، ألمانيا، ونمسا، ولكن هذا الصراع من أجل تثبيت مصالحهم الدائمة أدى إلى فصل كوردستان العثمانية من هيمنة العثمانية والقاجارية، حيث إنها استمرت ثلاثة مئة عام. وانتهت المرحلة الكلاسيكية من الصراع بين امبراتوريتي الشرق، وذلك مع دخول الفرنسيين إلى الأراضي العثمانية في أواخر القرن الثامن عشر. إن الحروب العثمانية – الروسية في عام ١٨٢٨ – ١٨٢٩ هي بداية فصل أرض كوردستان العثمانية حتى وصلت إلى عام ١٨٧٧ – ١٨٧٨ و الحرب العالمية الأولى. البريطانيون هم الذين ساعدوا السلطة المركزية العثمانية وفرضها من النصف الأول من القرن التاسع عشر على المناطق الكوردية، و إسقاط الإمارات الكوردية، وتحفيز القبائل الكوردية والأرمنية للقيام بالحرب مع السلطات المفروضة عليهم، وذلك لعودة الدول العظمى إلى كوردستان

العثمانية, وهذا من جانب الروس والإنجليز والفرنسيين خاصة. وهذه الصراعات والحروب أدت إلى صياغة مصير كوردستان العثمانية من جديد في حين صياغة خريطة الشرق الأوسط من الربع الأول في القرن العشرين. وأثر هذا تأثيراً كبيراً على مستقبل الكورد من الدول الإقليمية المصنوعة بعد مؤتمر السلام واتفاقية لوزان، وانعكست على وضع كوردستان السياسية والاجتماعية والاقتصادية والتعليمية والثقافية من مئة عام مضت في فترة انحلال كوردستان العثمانية، وكانت اتفاقية سايكس – بيكو من اِيار ١٩١٦ هي إحدى استنتاجاته التي عقدت سرياً بين بريطانيا العظمى و روسيا القيصرية و فرنسا.

**مفتاح الكلمات: سايكس – بيكو، كوردستان العثمانية، الدولة العثمانية، بريطانيا، فرنسا، روسيا، الحرب العالمية الأولى.**

## Abstrac

In the nineteenth century, the Ottoman Kurdistan was a conflict zone amongst major powers, especially for Britain, France, Russia, Germany and Austria. However, the impact of these great powers in regard to their own benefits was a turning point in separating Ottoman Kurdistan from the Ottoman and Qajar empires, which lasted three hundred years. Then, the classical struggling among oriental empire came to an end. Especially after entering French forces into Ottoman areas, in the end of eighteenth century and Ottoman and Russian war from 1828 – 1829, which was the fresh start for separating Ottoman Kurdistan lands, until it reached 1877-1878 and World War I. Britain was supportive in developing Ottoman central power in the first half of nineteenth century, then ruining the Kurdish Ottoman empires. It also led Kurdish and Armenian tribes to start fighting against each other and then they let the major powers to enter the Ottoman Kurdistan areas especially the Russians, English and French. These struggles were resulted in recreating the future Ottoman Kurdistan, then remapping Middle East in the first quarter of the 20th century. Consequently, this had left a big impact on the Kurds destiny while making artificial regional states after Peace Conference and Treaty of Lausanne, which, of course, had an influence on Kurdistan's political, social, economical, educational and cultural over the past century. This coincided with ruining Ottoman Kurdistan, which was one of the outcomes of Sykes-Picot Agreement between the Great Britain, Russian Empire and France.

**Key words: Sykes-Picot, Ottoman Kurdistan, Ottoman State, Britain, France, Russia, First World War.**